# بۆپێشەوە

FORWARD

بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

ساڵی هەشتەم ژمارە (173) بەرواری 15-8-2024

بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

مانگی دووجار، لە (۱)و (۱۵) هەموو مانگێکدا دەردەچێت



## دیموکراسی: لێکدانەوەکان و واقیعەت

گفتوگۆی ئەنتەرناسیونال لەگەڵ مەنسور حیکمەت...ل10

بەشی چوارەم...


## داخستنی حزبە سیاسسیەکان بە هۆکاری سیاسی، هێرشە بۆسەر ئازادی هەڵسوڕانی سیاسی!!




٥ ی ئەم مانگە ئەنجومەنی داوەری عێراق، بریاری قەدەغەکردن و داخستن و ڕیگەگرتن لە چالاکی سیاسی بۆ سێ حزبی سیاسی "تەڤگەری ئازادی کۆمەڵگەی کوردستان، پارتی ئازادی و دیموکراتی، بەرەی تێکۆشانی دیموکراسی" دەرکرد. هۆکاری دەرکردنی ئەم بڕیارە بە پێی پاساوی ئەنجومەنی دادوەری عێراق دەگەڕێتەوە، بۆ نزیکایەتی و پەیوەندی و وەرگرتنی پشتیوانی و ئیمکانیات، لەلایەنی دەرەکییەوە.

بۆ لاپەڕە 3

## گروپە راسیستەکان، دەرهاویشتەی سیاسەتی راسیزمی دەوڵەتین!




بەدوای هێرشی مێردمنداڵێکی پەنابەری تەمەن ١٧ ساڵان بەچەقۆ بۆسەر کۆمەڵێک منداڵ لە خولێکی فێربوونی هاوینەی سەمادا لە شاری ساوسپۆرت کە بووە هۆی کوژرانی سێ منداڵ و برینداربوونی چەند منداڵی تر، گروپە ڕەگەزپەرست و راسیستەکانی بەریتانیا، وەکو نیعمەتێکی خودایی!! لە ئاسمان کەوتووە خوارەوە، کەوتنە قۆستنەوەی ئەم رووداوە. بە خێرایی هێرشیان بۆسەر

بۆ لاپەڕە 3

### لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


- یاسای باری کەسێتی و ئیغتیسابی منالآن لە شەریعەتی ئیسلامدا.........................ل4
- بەڕێز شاباز مەحمود وەلآمی پرسی ڕۆژی داوەتەوە...................................ل5
- بەیاسایی کردنی ئیغتیسابی منالآنی ٩ ساڵ...................................ل6
- جەنگەکان درێژەپێدەری سیاسەتی چەوساندنەوەی ئابوری چینایەتین...................ل7
- هەشت ساڵ بەسەر تیرۆری وەدات حسێن دا تێپەڕی و تۆمەتبارانی تا ئێستا...........ل12


## دۆسیەی ژمارە "سەبارەت بەهەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان"




بەڕێز بەهزاد محسین وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە ل11-12

### وتەی ژمارە

## حکومەتی خۆجێی کەرکوك و پێکەوە ژیانی ئاشتیانە!!

دۆشینی شار و دزی و تالآنی، بە هیچ ڕێکەوتنێک نە گەیشتن و سەرئەنجام لە جێگاییدا و بە لۆژیکی پلان و پاش قوڵ لەیەکتر گرتن و بەتەخشان و پەخشان کردنی پارەو بەڵینی پۆست و تاد، بلۆکی شیعەی سیاسی "بابیلۆن و هاوپەیمانەکەی یەکێتی نیشتیمانی" بە هێنانی دوو ئەندامی تر لە لایەنی عەرەبی، توانیان گەمەکە ببنەوە و ڕیکەوتێنک لە دژی نەیارانیان بکەن. بەپێی ئەو ڕیکەوتنە یەکێتی پارێزگاری کەرکوک و شیعەکان سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگایان، لە نێوان خۆیاندا دابەش کرد، کە دیارنییە ئەم ریکەوتنە دەتوانێت بڕ بکات، یان نا. لایەنەکانی بەرامبەر بەتاییبەتی بەشیکی زۆر لە عەرەبی سوننە!! و تورکمانەکان و پارتی، نیگەران و ناڕازین لەم ڕیکەوتنەو بە



نایاسایی و بە ناتەبا بە خزمەتکردن بە دۆخی کەرکوک!! و پیکەوە ژیانی ئاشتیانە، لە قەڵەمی دەدەن. بەم شیوەیە هێشتا پرسی بەڕێوەبردنی ئەم شارە و حکومەتی!! خۆ جێیی کەرکوک یەکلایی نەبۆتەوە. هۆکاری پیکنەهاتنی حکومەتی خۆجیی کەرکوک و یەکلایی نەبوونەوەی لایەنەکان و نەگەیشتن بە ڕیکەوتنێکی هاوسەنگ لە نیوانیاندا، هۆکارەکەی ئەو لایەنانەن کە دەڵێن کەرکوک پێویستی بە حکومەتێکی خۆجێییە کە خزمەت بەکەرکوکیەکان و پیکەوەژیانی هاوڵاتیانی بکات.

هەر لایەن و کەس و تەنانەت چاودێریکی سیاسی دەزانێت، سەرباری دنەدادن و کارکردن بۆ هەڵخراندنی هەستی نەتەوەیی لەلایەن حزب و لایەنە قەومی و دینیەکان و تەنانەت سیناریۆ سازکردن، کەچی دۆخی بەیەکەوە ژیانی هاوڵاتیانی کەرکوک، واقیعەتێکی بەرچاو حاشا هەڵنەگرە. بەپێچەوانەی گرژی و ئاڵۆزی بەردەوامی نێوان حزب و لایەنە سیاسیەکان، بە قەومی و عەرەبە ناسیونالیست و ئیسلامیەکانەوە، بە هیزە تورکمانەکانەوە، تا دەگات بە پارتی و یەکێتی کە کەرکوک "بەدڵ" و " قودس" پێناسە دەکەن، کەرکوک و پیکەوە ژیانی هاوڵاتیان لە جێگای خۆیەتی و هیشتا هەستی نەتەوەیی زۆر لە خوارتر لە هەستی ئینسانی و ئامانجی بەیەکەوە ژیان و هاوکاری کردن و تیکەڵاوبوونی یەکتری و هاوچارەنووسیانە.

حزب و لایەنە سیاسیەکانی عێراق... بە کردەوە نیشانیان داوە کە نیگەرانی

بۆ لاپەڕە 2


ل5
کۆشەی ئەدەب و هونەر
ل8-9

## درێژەی وتەی ژمارە

بەیەکەوە ژیانی هاوڵاتیانن لەکەرکوکدا و هیشتا لە هۆکارو پایە سەرەکیەکانی ئەو بەیەکەوە ژیانە حاڵی نین و دەیانەوێت ئەو بەیەکەوە ژیانە لەبار ببەن.

دەسەڵاتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق بەگشتی دەسەڵاتی شۆڤینی بەعس بەتایبەتی لەماوەی چەندین دەهەدا و بەگرتنە بەری سیاسەتی هەڵاواردن و جیاکاری و تەعریب و تەهجیر… نەیتوانی بە ئامانجەکانی بگات و خەڵک و هاوڵاتیانی کەرکوک بەیەکدا بدات. دوای روخاندنی رژیمی بەعسیش کە کەرکوک بە پلەی یەکەم بەدەست یەکێتی و پارتی و دەسەڵاتی کوردییەوە بوو، دوبارە پارتی و یەکێتی نەیانتوانی بە سیاسەتی بە کوردی کردنی" تەکریک" کەرکوک پیکەوە ژیانی هاوڵاتیان بلەوتێنن، بەڵکو بە دابەش کاری دەسەڵات بە پێوەری حزبی، نۆرمی حکومەتداریان لەهەموو بەهاکانی خاڵی کردەوە، بەیەکەوە ژیانی ئینسانی و کۆمەڵایەتی و تیکەڵاوبوون و هاوچارەنووسی و میژووی خەڵک کەرکوک تێک بدات، بە پێچەوانەوە ئەوە حزب و لایەنە سیاسیەکانن هیشتا لە ململانێی و جەنگ و شەری دزی و تالانیدا بەردەوامن و خەڵکی کەرکوکیش لە پیکەوە ژیانی ئاشتیانەی نێوانیان.

هەر ئەو لایەنە سیاسیانەشن ڕیگرن لەوەی کەرکوک ئیدارەیەکی بۆ بەڕێوەبردن هەبێت و دۆخی شارەکە ئارام، چونکە بە هەر ئەندازە کەرکوک ئارام بێت و ئاسایش سایە بکات و حکومەت و ئیدارەیەک لە جێگای حزب و بریاری حزب و میلیشا هەبێت، حزبەکان دەستیان لە رادەی دزی و تالانی کورتر دەبێتەوە.

جەنگ و ململانێی لایەنەکان تا دەگاتە سازش و سازان و ڕیکەوتنیان، بەگشتی و پارتی و یەکیتی بەتایبەتی لە کەرکوکدا، لە بنەرەتدا لەسەر تالانی و دزییە… ئەوان کەرکوک نەک ئەو لۆژیکەش بوو، دوای دەورەیەکی زۆر لە دەسەڵاتدارێتی رەهایان بەسەر کەرکوکدا، نەک نەیان توانی ئیدارەیەکی تەندروست و هاوئاهەنگ و پیکەوەژیان زامن بکەن، بەڵکو دزیوترین دەسەڵاتی حزبی خۆیان لە مێژووی شاری کەرکوکدا تۆمار کرد و ململانیی میژووی نیوان خۆشیان لەسەر دەسەڵات کردە ناشیرین ترین تابلۆ لە بەردەم سەرجەم دانیشتوانی کەرکوکدا.

کەرکوک بەیەکەوە ژیانی ئاشتیانە، لەگەل زامن بوونی ئارامی و ئاسایش و خۆشگوزەرانی و فەراهەم بوونی ئازادی و مافەکانی ئینسان و شکۆی تاکەکانی، لە گرەوی وەستانەوەی خەڵکی کەرکوکدایە بەدژی دەسەڵاتی حزبۆکراتی و ئەو حزب و لایەنە سیاسیانەی کار لەسەر دابەشکاری قەومی و مەزهەبی و تیکدانی بەیەکەوە ژیانی هاوڵاتیان دەکەن و قیبلەیان روو لە دزی و تالانی و ژێرپیخستنی ئیرادە و بریاری سیاسی دانیشتوانی کەرکوکدایە.

**حزب و لایەنە سیاسیەکانی عێراق… بە کردەوە نیشانیان داوە کە نیگەرانی بەیەکەوە ژیانی هاوڵاتیانن لەکەرکوکدا و هێشتا لە هۆکارو پایە سەرەکیەکانی ئەو بەیەکەوە ژیانە حاڵی نین و دەیانەوێت ئەو بەیەکەوە ژیانە لەبار ببەن…**

بوونە مایەی دابەشکردنی کەرکوک بەسەر دوو دەسەڵات و دوو ئاسیاش و دوو میلیشای و دوو پۆلیس و دوو سەرچاوەی دزی و دوو گوز وەشین دوو جۆر خەڵک لە زۆنی کوردەکاندا و بوونە قارەمانی دابەشکاری نەک تەنها لە ئاستی هاوڵاتیانی گشتی کەرکوکدا، بەڵکو لە ناوچە کوردنشینەکانیشدا ژەهری دابەشکاری حزبی هاوڵاتیانی کوردیان، رشت و ململانێی نیوانیان لە کەرکوک و قودسی کوردستاندا، کردە واقعیەتێک و سەرچاوەیەکیش بۆ دۆران و ریسوا بوون.

هاوڵاتیانی کەرکوک ئەگەر لە سەدا یەکی ئەو ناکۆکیانەی حزب و لایەنە سیاسیەکان لەگەڵ یەکتریدا هەیانە، هەیان بوایە دەمێک بوو کەرکوک دەبووە شانۆی شەری ناوخۆ و کوشتاری نیوان هاوڵاتیانی… بەڵام بەپێچەوانەوە چونکە سیاسەتی ئەو حزب و لایەنە سیاسیانەو ئاستی ململانیی و پیلان لەیەکگێران و شەڕو جەنگیان، نەیتوانیوە، وەکو خۆیان دەڵێن "دڵ" و" قودس" ە، بەڵکو بەوێنەی سەرچاوەیەک بۆ دزی و تالانی تەماشات دەکەن، دیارە بۆ ناسیونالیزمی عەرەبیش هەر وایە هۆکارێکی سەرەکی ململانێیان لەسەر کەرکوک سەرچاوەی سروشتی و دەوڵەمەندییەتی بە نەوت و لەوەش زیاتر باڵادەستی خۆیان بەسەریدا بەمانای لاواز راگرتنی پیگەی سیاسی ناسیونالیزمی کورد تەماشا دەکەن. هەر چەندە پارتی و یەکێتی کەرکوک بۆیان قیبلە و سەرچاوەی داهاتە، بەڵام هاوکات وەکو گۆرەپانێکی سیاسیش لە ململانێی خۆیان لەگەڵ ناسیونالیزمی عەرەب و باڵە ئیسلامیەکانییدا، بەدەستیەوە دەگرن.

بەڵام چ پارتی و چ یەکێتی، بۆ زەمانەتی ئەو دزی و تالانیەیان و زاڵکردنی پیگەی سیاسیان، هیچ بژاردەو ریگایەک بەدەستەوە ناگرن ئەگەر دەستیان لە نەوت و سامانەکە گیر نەکات. هەر ئەوەی هێشتا حکومەتی خۆجێی پێکنەهاتووە، ئەوەیە لایەنە سیاسیەکان لەسەر ئاست و بەشی دزی وتالانی بە ڕیکەوتن نە گەیشتوون و ریکەوتنیشتان، هیچ ئاییندەیەکی باش و باشبژیویی و ئازادییەکان و مافە زۆر سەرەتاییەکانی هاوڵاتیانی کەرکوک زامن ناکات… شاری کەرکوک، کاتێک بە مانای وشە رزگار دەبێت و ئەمنیەت و ئاسایشی زامن و ماف و خزمەتگوازرییەکانی لە داهاتی خەیاڵی خۆی بەهرەمەند دەبێت و شکۆ بۆ تاکەکان و ئازادییەکان و مافە ئینسانیەکان بی گوێدانە ناسنامە قەومی و دینییەکان فەراهەم دەبێت، دەسەڵاتی سیاسی و بەڕیوەبردنی شارەکە لەدەستی خۆدی خەڵکی کەرکوک و بریاری سەربەخۆی خۆیاندا بێت… ئەوەش بەبێ کەنار خستنی ئەو حزب و لایەنە سیاسیانە، مەیسەر بوونی مەحاڵە.

**ناوەراستی ئابی ٢٠٢٤**

**هاوڵاتیانی کەرکوک ئەگەر لە سەدا یەکی ئەو ناکۆکیانەی حزب و لایەنە سیاسیەکان لەگەڵ یەکتریدا هەیانە، هەیان بوایە دەمێك بوو کەرکوك دەبووە شانۆی شەری ناوخۆ و کوشتاری نیوان هاوڵاتیانی… بەڵام بەپێچەوانەوە چونکە سیاسەتی ئەو حزب و لایەنە سیاسیانەو ئاستی ململانیی و پیلان لەیەکگێران و شەڕو جەنگیان، نەیتوانیوە، بەیەکەوە ژیانی ئینسانی و کۆمەڵایەتی و تیکەڵاوبوون و هاوچارەنووسی و میژووی خەڵك کەرکوك تێك بدات، بە پێچەوانەوە ئەوە حزب و لایەنە سیاسیەکانن هیشتا لە ململانێی و جەنگ و شەری دزی و تالانیدا بەردەوامن و خەڵکی کەرکوکیش لە پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی نێوانیان…**

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

# لە بۆپێشەوەوە

* بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.

* بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێک بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا… بڵاوبوبێتەوە.

* بابەتی بڵاوبووەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. راسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.

- درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی راگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.
-

* ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە.

*******

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

# درێژەی: داخستنی حزبە سیاسسیەکان بە هۆکاری سیاسی، هێرشە بۆسەر ئازادی هەڵسوڕانی سیاسی!!

بوونی پەیوەندی حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان بە لایەنی دەرەکی و وەرگرتنی هاوکاری و بوونی پەیوەندی پێیانەوە، نەک پێچەوانی هیچ یاسایەک و عورفێکی کاری حزبایەتی نییە، بەڵکو نۆرماڵترین حاڵەتەو کەم حزب و ڕێکخراوەیەکی سیاسی هەیە، کەڵک لە هاوکاری و ئیمکانات و پەیوەندی لەگەڵ لایەن و تەنانەت دەوڵەتەکانی ناوچەکە و دنیا وەرنەگرێت، کە ئەوە تەواو جیاوازە لە خۆشخزمەتی و نۆکەر پیشەیی و بەکارهێنان.

لە عێراق و کوردستانیشدا، ئەگەر بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی دادوەری عێراق بێت، دەبێ سەرجەم حزب و لایەنە سیاسیەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی عێراق، بە دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنەوە، هەڵسورانیان یاساغ بکرێت و دەرگاکانیان دابخرێت، لەپێش هەموشیانەوە ئەو حزبانەی ئێستا لە هەرەمی دەسەڵاتی سیاسی عێراق و کوردستاندان.

ئەنجومەنی دادوەری عیراق، بەو شێوە بڕیارە سیاسیانە و کردنی بەرگی یاسایی بە بەریاندا، پێگەی نایاسایی خۆی و لەوەش زیاتر خزمەتکاری خۆی بۆ دەسەڵاتی سیاسی و بەرژەوەندیەکانیان، دەخاتە ڕوو.

سەیر ئەوەیە ئەنجومەنی دادوەری عیراق، نۆکەر سفەتی و خۆشخزمەتی و تەنانەت کرێگرتەیی ئاشکرای دەیان حزب و لایەن و کوتلەی سیاسی و کاری بە وەکالەت ئەنجامدان بۆ وڵاتەکانی ناوچەکە، بە نایاسایی نازانێت، کەچی هاوکاری و پەیوەند حزبە سیاسیەکان لەگەڵ لایەنی دەرەکی بە نایاسایی دەزانێت!!

ئەنجومەنی دادوەری عێراق، هاوکاری و پێش لەشکری سوپاو لەشکری وڵاتەکان، بوونی دەیان بنکەو بارەگای سەربازی و هەواڵگری ولاتانی ناوچەکە، بوونی دەیان باندی ئینسانکوژ و جاسوسی، پێشێلکردنی هەموو ڕۆژەی "سەروەری خاک و نەتەوە" بەهێڵی سور و خەتا تەماشا ناکات، کەچی هاوکاری و پەیوەندی چەند حزبێکی سیاسی بەلایەنی دەرەکیەوە!! بە مەترسی بۆسەر ئاسایشی" نیشتیمانی و نەتەوەیی" و بە نایاسایی دەزانێت.

نەک تەنها بڕیاری ئەنجومەنی دادوەری عێراق، بەڵکو خودی ئەنجومەنی دادوەری، بەو مامەڵە و بڕیارانەی داویەتی، دەکاتە هاوکار و خۆشخزمەتی لایەنی دەرەکی و بوکەڵەیەکی قورمیشکراوی سیاسی دەستیان.

بۆ هەموو کەسێکی هوشیار ڕۆشنە، بڕیاری ڕێگریکردن لە هەڵسوڕانی سیاسی ئەو حزب و لایەنە سیاسیانە، بڕیارێکی سیاسی و لە بنەڕەتدا پەیوەندی بە هاوکاری و بەندو بەستی دەسەڵاتی سیاسیەوە هەیە بەو لایەنە درندە و داگیرکەرەکانی عێراق و کوردستانەوە.

یاساغ کردنی ئەم هێزانە کە زوربەیان نەیاری دەوڵەتی تورکیان و بەدژی سیاسەتە سەرکوتگەرو داگیرکاریەکانی تورکیا وەستاونەتەوە، لە بنەڕەتدا پەیوەندی بە چوونە پێشەوەو هاوکاری نێوان دەوڵەتی تورکیا لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستانەوە هەیە. سەردانی چەند مانگ لەوەپێشی ئەردۆغان بۆ بەغدا و هەولێر و بەدوای ئەوەدا هێرشی دەوڵەتی تورکیا بۆسەر هەرێم، بە هاوئاهەنگی نیوان بەغدا و ئەنقەرەو هەولیر و گڵۆپی سەوزی ئەمریکا، بە ئاشکرا هۆکاری ڕاستەقینەی بڕیاری ئەنجومەنی دادوەری دەخاتە ڕوو.

ئەنجومەنی دادوەری عێراق، بە چوونە خزمەتی بۆ ناو بازانەی بەندو بەستی سیاسی و هەواڵگری نیوان دەوڵەتی عێراق و توکیاوە، هیچ سەربەخۆیەکی بۆ پیگەو بڕیارەکانی خۆی نەهێشتۆتەوە و بۆتە لایەنێکی واقعی ئەو مامەڵە قێزەونە بۆ لێدان لە هیزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی تورکی و ئەو حزب و لایەنانەی پشتیوانی یان هاوسۆزی هیزە سیاسیەکانی ئۆپۆزیسیۆنن. دیارە ئەو بڕیارەی ئەنجومەنی دادوەری عێراق، تەنها ڕووی لەحزب و هیزەکانی هاوسۆزو هاوکاری ئۆپۆزیسیۆنی تورکی نییە، بەڵکو ئەوە ڕوو دەکاتە سەر ئەو هێز و لایەنانەش کە هاوکار و هاوسۆزی ئۆپۆزیسیۆنی ئیران یان سوریان.

ئەو بڕیار و ئەو ئاراستەیەی ئەنجومەنی دادوەری عێراق، کە وابەستەی ئاراستەی دەسەڵاتی سیاسی و بەندو بەستەکانیەتی، چەندە بەدژی حزب و هیزە سیاسیەکانی هەرێم و ئۆپۆزیسیۆنی وڵاتەکانە، هێندەش زیاتر بەدژی خەڵکی ئازادیخوازی عێراق و کوردستان و پێشیلکردنی بڕیارو ئیرادەی سیاسیان و هێرشیکی ئاشکرایە بۆسەر ئازادی و بەتایبەتی ئازادییە سیاسییەکان... ئەگەر ئەنجومەنی دادوەری عێراق ئەوەی بۆ بچێتە سەر، ئەوا مەترسی بۆسەر ئەو پەراوێزە کەمە سیاسیەی بەرهەمی کەشی نیمچەکراوەی هەرێمە، زۆر زیاتر دەکات و دەستی سەرکوت و زیندانی و ڕفاندن، ئاوەڵا دەکات. ئەرکی سەرجەم خەڵکی ئازادیخواز و هەموو ئەو حزب و لایەنە سیاسیانەیە کە بانگەشەی ئازادی و ئازادی سیاسی دەکەن، کە بەهەموو شێوەیەک ڕووبەڕووی ئەو مەترسییە ببنەوە و لە پێش هەموو شتیکیشدا، ئەم بڕیارە دەبێ هەڵبوەشێتەوە.

# درێژەی: گروپە ڕاسیستەکان، دەرهاویشتەی سیاسەتی ڕاسیزمی دەوڵەتین!

پەنابەران دەستپێکرد. هێرشیان کردە سەر ئەو ئوتێل و شوێنانەی کە پەنابەران تیایدا نیشتەجێکراون، لەوەش زیاتر کەوتنە هێرش بردن بۆسەر کتێبخانە، دوکان و مارکێت و شکاندنی کەلوپەلەکانیان، پاساوی هەموو ئەو تاوانکارییە ئەوەیە کە ئەو مێردمنداڵەی تاوانەکەی کردوە پەنابەرە!! ئەم کردەوە دژی ئینسانیەی ڕەگەزپەرست و ڕاسیستەکان سەرەتا سنوردار و پاشان چەندی شاری تری گرتەوە لەوانە؛ لیڤەرپول، بریستۆڵ، ساوسپۆرت، هۆڵ، ستۆک ئۆن ترێنت، مانچستەر، بلاکپول، میدڵبرۆ، لانکاشێر، بێلفاست، نۆتینگهام، لیستەر، لیدز، سەندرلاند، ساوزپۆرت و لەندەن، و ماوەی چەندین ڕۆژە بەردەوامە. دەوڵەتی بەریتانیا بۆ بەرگرتن بە بەرین بوونەوەی ئەو هێرش و پەلامارانە، ژمارەیەکی زۆر لە پۆلیسی ڕژاندە سەر شەقامەکان و لە ئاکامدا پێکدادان لە نێوان پۆلیس و هیزە ڕەگەز پەرست و ڕاسیستەکاندا ڕوویدا.

دەوڵەتی بەریتانیا بەوێنەی یەکێک لە وڵاتانی ئەوروپا و وڵاتێکی ئەزمەگرتووی خنکێنەر، ڕێخۆشکەر بۆ سازکردنی ژینگەی ڕاسیزم و ڕەگەزپەرستی، ئێستا خەریکە باجی سیاسەتە جیاوازی خوازەکانی خۆی دەدات... ویناکردنی هەموو پەنابەرانی باوەڕدار، بە ئیسلامی و ئیسلامی سیاسی، بەکەم تەماشاکردنی غەیرە بەریتانی و ئینگلیزەکان، پەرەدان بە جیاوازی ڕەگەزی و جنسی و نەتەوەیی و ڕەنگی پێست، مامەڵەی نابەرابەر لەگەڵ نێوان ڕەنگەکان... ئەو ژینگەیەیە هەم ڕەگەز پەرستی و هەم زەمینەکانی بۆ گەشەی ڕاسیزم پەرەپیدا.

ئەو گروپە ڕاسیست و ڕەگەزپەرستانەی کە هیرش دەکەنە سەر پەنابەران لە منداڵدانی ڕاسیزمی دەوڵەتی بەریتانیا و وڵاتانی تری ئەوروپادا پایەکانی چەقاند، و لە جەنگی نێوان ناتۆ و روسیا لە ئۆکرانیا، بەو پەڕی خۆی گەیشتووە. ئەوەی ئێستا لە چەند شاری بەریتانیا ڕوودەدات ڕەنگدانەوەو دەرهاویشتەی سیاسەتە جیاخوازییەکانە لە نێوان هاوڵاتیانی نیشتەجێی بەریتانیادا، کە ڕاسیزمی دەوڵەتی ژینگەی بۆ سازکردووە و لە بەرامبەریشدا شانسی داوە بە گروپە ئیسلامیە سیاسیەکان، تا بەهرەبەرداری لەم ڕاسیزمە بکەن و بە ئەڵڵەو ئەکبەر خوێنی هاوڵاتیانی غەیرە موسوڵمان حەڵاڵ بکەن.

لەگەڵ ئەوەدا جیاکاری و هەڵاواردن لەسەر بنەمای ڕەگەز و جنس و ڕەنگ و نەتەوەو نەژاد، لە بنەڕەتدا سیماو تایبەتمەندی نیزامی سەرمایەدارییە، بەڵام لە هەر برگەیەکدا بە جۆرێک خۆی نمایش دەکات. سەرمایەداری بۆ لابردنی ئۆباڵی ئەزمەو گرانی و بیکاری و خراپی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان، لێکەوتەکانی جەنگی نیوان ناتۆ و روسیا لە ئۆکرانیا... لە وڵاتەکانیاندا، پەنابەران دەکەنە سەرچاوە و هۆکاری ئەم دۆخە، و بەم جۆرە زەمینەی ڕەگەزپەرستی و ئاراستەی دژە پەنابەری، بەهێز دەکەن. لە ناو دڵی کەشێکی ئاوادایە هەر ڕوداوێک کە پەنابەرانێک ئەنجامی بدەن، سەرجەم پەنابەران دەکاتە نیشانەی گروپە ڕاسیست و ڕەگەزپەرستەکان و بە پێچەوانەشەوە، هەر کردەوەیەکی هاوڵاتیەکی بە "ڕەسەن" بەریتانی و ئەوروپی، ئەنجامی بدات، غەزەبیی ئیسلام و گروپەکانی بەدژی خەڵکی ئەو وڵاتانەدا دەکاتە بەرەکی خوایی. بەم شیوەیە چ ڕاسیست و ڕەگەزپەرستەکان و چ ئاراستەی دژە ئەوروپایی و کفار لە دیدی ئیسلامی سیاسی و ڕەوتەکانیاندا، یەکتری بە هێز دەکەن و هیزی لێ وەردەگرن.

دیارە هاوڵاتیان بەریتانیا، بە بێ گوێدانە ڕەنگی پیست و ڕەگەز و نەژاد و نەتەوەو دین و ...تاد، نەک هیچ بەرژەوەندیەکیان لە ململانیی ئەو دوو بەرەو ئاراستە دژە ئینسانییەدا نییە، بەڵکو قوربانی ئەم دۆخەن. بۆیە هەموو هاوڵاتیەکی ئاسایی لەو وڵاتەدا بەدژی ئەو ڕاسیزمە هەوساو پچرا و ئەو گروپانەن کە بەهرەبەرداری لەم دۆخە دەکەن... پشتیوانی بێ درێغی خەڵکی بەریتانیا و ئەوروپا بێ گوویدانە ناسنامە قەومی و دینی و ڕەگەزی و نەژادییەکان، لە خەڵکی فەلەستین و وەستانەوە بەڕووی جینۆسایدی دەوڵەتی ئیسرائیل و هاوکارەکانیان، بەڵگەیەکی ئاشکرا و ڕۆشنە و لەوەش زیاتر بە هیزی بزوتنەوەیەکی ئازادیخوازانەو ئینسان دۆستی لە ئاستی دنیادا دەخاتە ڕوو...

هەر ئەو بزوتنەوە ئینسان دۆست و ئازادیخوازەشە دەتوانێت ژینگەی ڕاسیزم و ڕەگەز پەرستی وسیاسەتی ڕاسیزمی دەوڵەتی بەشکست بکێشێت.



# یاسای باری کەسێتی و ئیغتیسابی منالآن لە شەریعەتی ئیسلامدا!!

## نووسینی: ئەکرەم عەبدوڵا

ماوەیەکە لە پەرلەمانی عێراق یاسای باری کەسێتی کەوتۆتە بەر مەنگەنەی شیعەو سوننەوە، بۆ ئاڵوگۆر پێکردنی برگەکانی کە تایبەتن بە زەواج و وەرسەو گلدانەوەی منال لای باوانیان لەئەنجامی جیابوونەوەیان لەیەکتری.

کۆمەلگەی عێراق لە دوای نەمانی رژێمی بەعس، دەسەڵات کەوتە دەست شیعە مەزهەبی سەر بە ئێران، لەوکاتەوە ئێران بەهاوکاری هاوپەیمانەکانی لەعێراقدا هەوڵیداوە کە ئاڵوگۆرەکان زیاتر لەدەست هاوپەیمانە شێعەکانی خۆیدا بێت و دەولەت ویاسای بەرێوەبردن و سەروسیماو کلتورو بەفەرهەنگی ئەو کۆمەلگایە ئیسلامی شیعەیی بێت لەجیاتی کۆمەلگەی مەدەنی و مۆدێرن.

یاسای ژمارە 188 کە سالی 1959 دەرچووە، جارێکی تر گروپی شێعە مەزهەب ئاڵ وگۆریان بەسەردا هێناوەو ئەیانەویت لەپەرلەمانی عێراق دەنگی یاسایی بۆ فەراهەم بکەن ولەکۆمەڵگەدا بیخەنە باری جێ بەجێ کردنەوە.

دینی ئیسلام لەبەر ئەوەی لەناوەرۆکدا تێروانینێکی نائینسانی هەیە بۆ ئافرەت و زیاتر وەکو کەنیزەک و کۆیلەو دەرەجە دوو سەیری ئەکات هەر بۆیە زۆرترین ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە ئەیانەوێت لەمەر ئەو یاسایەدا بیکەن پەیوەندی بە ئافرەتەوە هەیە تا زیاتر ببێتە بەرتەسککردنەوەی ئازادی و توانایی کەمتر لە بریاردان لەسەر چارەنوسی خۆیی بەشداری نەکردنی چالاکانە لە کۆمەڵگەدا.

لەم هەموارکردنە تازەیەدا

- رێگە ئەدات بە زەواجی منالان لە تەمەنی 9 ساڵیەوە.

- پیاوانی ئایینی ئەتوانن منالان مارەبکەن بێ ئەوەی بگەرێنەوە بۆ دادگا.

- مەسرەف کردن بۆ ژنان مەرجدارە بە (چێژوەرگرتنی سێکسی) پیاوانەوە .

- منال لە تەمەنی دوو ساڵیەوە ئەدرێت بە باوکی لە حالەتی جیابوونەوەیدا بەبی رەزامەندی دایکی.

ئەمانەو کۆمەلێک ئال وگۆری تر ئەیانەوێت بیکەن لە یاسا کۆنەکەدا. ئەم گۆرانکاریانە نەک هیچ پەیوەندیەکی بە ماف وئازادیەکانی ئافرەتەوە نیە هەر وەک وپیاوانی ئایینی شیعە ئیدیعای بۆ ئەکەن بەڵکو زیاتر ئافرەت وەک و کەنیزەک و کۆیلە مامەلەی لەگەلدا ئەکرێت کە ئەویش سەرچاوەکەی لە میتۆدو فەرهەنگی ئیسلام و دەقەکانی قورئانەوە رێچکە ئەگرێت.

دەست بردن بۆ ئاڵ و گۆرێکی لەم جۆرە لەیاسای باری کەسێتی عێراقی لەگەڵ ئەوەی پشتی بەم سەرچاوانە بەستووە، بەڵام گرفتی سەرەکی ئەوەیە کە تێروانینی ئیسلام بۆ ئافرەت و منال تێروانینێکی نزم و نائینسانیە ...

* بەپێێ ریوایەتەکانی ئیسلام خۆی محمد بەشەش سالی عائیشەی گواستۆتەوەو بە 9 سالی دەستدێژی کردووەتە سەری، هەر وەک و لە صحیحی بوخاریدا ئەلێت ( تزوج عائیشه وهی بنت ست سنین، دخل بها و هی بنت تسع سنین).

* خومەینی کە رابەری گەورەی شیعەی جیهانە لە وتەیەکیدا ئەڵێت (لایجوز وطء الزوجه قبل اکتمال تسع سنین، دواما کان النکاح او منقطعا، واما سائر الاستمتاعات کاللمس بشهوه و الضم و التفخیذ فلا باس بها حتی فی الرضیعه، ولو وطآها قبل التسع ولم یفضها لم یترتب علیه‌شیء غیر الاثم علی الاقوی......)
نابێت جوتبوون پێش تەواوبوونی نۆ ساڵ روبدات، ئەگەر هاوسەرگیریەکە هەمیشەیی بێت یان پچڕاو، بەڵام هەموو چێژەکانی دیکەش وەک دەست لێدان بە هەوەس و زەوق و بەستنەوە و لێسەندنەوە، تەنانەت لە منالانی ساواشدا هیچ کێشەیەک نییە، تەنانەت ئەگەر پێش نۆ ساڵی لێیبنێت و ئاسەواری پێوە دیار نەبێت، هیچ گوناهێکی لەسەر نییە.
خومەینی لەم وتەیەدا بەئاشکراو بێ پێچ و پەنا رێگە بە شیعەکان ئەدات کە منالان لە 9 ساڵیەوە ئیغتیصاب بکەێت بەناوی زەواجەوە، تەنانەت ئەگەر لەخوار 9 سالیشدا بێت رێگە پێدراوە و هیچ لاریەکیان نیە و هیچ شتێک لەسەر دەست درێژکەر ناکەوێت..

* ئیسلامیەکان بە شیعەو سوننەوە بروایان بەم نەریتە هەیە و پاساوی ئەم کردارەشیان پشتی بە دەقی قورئان بەستووە ،لەسورەتی تەلاق ئایەتی ژمارە 4 ئەلێ ( وَاللَّائِي يَئِسْنَ مِنَ الْمَحِيضِ مِن نِّسَائِكُمْ إِنِ ارْتَبْتُمْ فَعِدَّتُهُنَّ ثَلَاثَةُ أَشْهُرٍ وَاللَّائِي لَمْ يَحِضْنَ ۚ وَأُولَاتُ الْأَحْمَالِ أَجَلُهُنَّ أَن يَضَعْنَ حَمْلَهُنَّ ۚ وَمَن يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَل لَّهُ مِنْ أَمْرِهِ يُسْرًا (4)
ئەو ژنانەی کەلەسووری مانگانە بێ ئومێد بوون ، ئەگەر گومانتان هەبوو، ئەوا ماوەی چاوەروانیان سێ مانگ بێت، وە هەروەها ئەوانەشتان کە هێشتا سوری مانگانەیان دەست پێ نەکردووە (مەبەست منالانن)، وە ئەوانەی دوو گیانن، ئەوە ماوەکەیان دانانی سکەکەیانە ..

لەم ئایەتەدا زیاتر مەبەستمان لەو رستەیە کە بەئاشکرا ئەلێت (وَاللَّائِي لَمْ يَحِضْنَ ۚ) واتە ئەوانەی کە سوری مانگانەیان دەست پێ نەکردووەو ، پرسیارەکە ئەوەیە کام لەو ئافرەتانەن کە سوری مانگانەیان نەهاتووە ؟بێجگە لەو منالانەی کە تەمەنیان نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە سوری مانگانەیان هەبێت. دینێک خۆی رێگە بە ئیغتیصابی منالان بدات ئەبێت کۆمەڵگە چ چاوەروانیەکی هەبێت لە موریدەکانی. ئەم ئایەتە بەئاشکرا ئەڵێت ئەتوانن ئەوانە لەخۆتان مارە بکەن کە منالن ونەگەیشتوونەتە سوری مانگانە، لەکاتێکدا منالی خوار 18 ساڵ لەروی دەروونی و جەستەیی و گەورەبوونی ئەقلیشیەوە ئامادە نیە بۆ ئەو پرۆسەیەی کە ناویان ناوە هاوسەرگیری.

کۆمەلگەی عیراق و کوردستان دەرگیری دەیەها کێشەو گیرو گرفتی سیاسی و ئابووری وکۆمەلایەتییە، بەلام ئەم دەسەلاتە خەریکی بەداعشکردنی کۆمەڵگەیە، تا زیاتر لەوەی کە هەیە بگەرێندرێتەوە دواوە و زیاتر قولبوونەیوەی قلشتی مەزهەبی و خێلەکی لەکۆمەڵگەدا رەنگ بداتەوە.

لەم هەموار کردنەوەدا باڵادەستی زیاتر ئەدات بە پیاوانی ئاینی و دەستیان ئاوەڵە ئەکات کە بەبی گەرانەوە بۆ دادگا و بێ لێپرسینەوە بتوانن هەرچیەک لەگەل ئارەزووەکانی خۆیان یەکانگیر بێتەوە پیادەی بکەن.

ئەمەی کە ئەیانەوێت لەکۆمەڵگەدا بەسەر منالانیدا جێ بەجێی بکەن، بێجگە لە تێروانینی منالبازی (پۆدیفیلی) هیچی تر نییە، کە لەزۆربەی ولاتانی دونیا بە تاوان دائەندرێت و کەسەکە توشی لێپێچینەوە ئەبێت.

ئەم یاسایە ئەگەر بکەوێتە باری جێ بەجێ کردنەوە، بێجگە لەوەی لەگەل یاسا نێودەولەتیەکاندا ناتەبایەو ئەبێتە هۆی زیاتر پێشێلکردنی مافی منال وئافرەتان، کۆمەڵگە رائەکێشیتە دەورانێکی نەبراوەی ناو کێشەوگیروگرفت کە سەرەنجام ئیستیغلال کردنی منالان بۆ کاری سێکسی و سیغەو متعە رۆتین ئەکات و ئەنجامدەرانی لە چوونە بەردەم دادگا و یاسا ئەپارێزێت.

پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی ئیسلامیەکان بەتایبەتی فوکوسی زیاتریان لەسەر ئافرەت دائەنێن و سالانە ئیمکانیاتێکی زۆر بۆ بە حیجاب کردنی ئافرەتان و منالان خەرج ئەکەن و هەول ئەدەن یاسایەک لە کۆمەڵگەدا پیادە بکەن کە زیاتر ژێردەستەیی و بێ توانایی ئافرەت زامن بکات؟

لەکۆمەڵگە رۆژهەلاتیەکاندا لەبەرئەوەی دەولەت زۆر کەم بەرپرسیاریەتی و پەروەردەکردنی منالان ئەگرێتە ئەستۆ زیاتر ئەو ئەرکە ئەسپێردرێت بەخێزان و لەخێزانیشدا بە ئافرەت، بۆیە زیاتر هەول ئەدەن ئافرەت حیجاب بکەن و بیکەن بە کائینێکی بێ ئیرادە، تا لەو رێگەیەوە بتوانن



ئافرەتانی داهاتووی کۆمەڵگە کە منالانن بخەنە ژێر رکێفی خۆیانەوەوبەردەوام بن لە ئیسلامیزەکردنی کۆمەڵگەو داهاتووی دەسەلاکاتی خۆشیان زامن بکەن، دەرکردنی ئەم یاسایەش هەر لەو راستایەدایە.

ئەم یاسایە کە تەرویج بەزەواجی منالان (پۆدۆفیلی) ئەدات، کۆمەڵگە زیاتر ئەگێرێتەوە بۆ سەدەکانی رابردوو، وە رێگە لە خوێندن و پەروەردەو تەشەنەکردنی ئەندێشەی منالان ئەگرێت تا هەرچی زیاتر بتوانن رێگە لە ئافرەتان بگرن ببنە خاوەن بروانامەی بەرزو بەشدار بن لە بنیاتنانی کۆمەڵگەو ببنە خاوەن شەخسیەت و ئابووری خۆیان وە سەرئەنجام ئەیانخاتە بەردەم کارەساتێکی نەبراوە لە کۆمەڵگەدا، وە لەم رێگەیەشەوە دەسەلاتدارانی ئیسلامی عێراق و کوردستانیش لە نێوەدا ئەتوانن نەوەیەک گەورە بکەن کە زامنی بالادەستی داهاتووی خۆیان بێت.

ئەگەر دایکی نەوەکانی داهاتوومان هەر لە منالیەوە بکرێن بە کۆیلەو کەنیزەک و ئیغتیصاب بکرێن و لەژیانێکدا گوزەران بکەن کە رۆژانە کەرامەت وحورمەتیان پێشیل بکێت، ئەبێت چ نەوەیەک پێ بگەیەنن بۆ داهاتووی کۆمەڵگە؟

بۆ بەرگە گرتن بەم یاسا جەنگەلی وداعشیە ئەبێت ئەو سەرچاوانە وشک بکرێن کە ئەبنە هۆی بەخشینی وزە بە بیری کۆنەپەرستی و پیاوانی ئاینی و یارمەتیان ئەدات بۆ باڵادەست بوونیان لەکۆمەڵگەدا. ئەبێت هەرچی حیزب و رێکخراوەکانی کۆمەلگەی مەدەنی کە دلیان بۆ ئینسانیەت و داهاتووی ئەو کۆمەڵگەیە لێ ئەدات، دەنگ هەڵبڕن وبەتوندترین شێوە رەتی بکەنەوە، بۆ ئەوەی ژیانیکی شایستە بە ئینسان لەو کۆمەڵگەیەدا دابین بکرێت...

پرسی ڕۆژ گۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...

bopeshawa@gmail.com

## پرسی ڕۆژ

## سەبارەت بە دیاردەی چەکداری و زۆربوونی تاوانەکان...

## شاباز مەحمود وەڵامی پرسی ژمارەی داوەتەوە...



ئەم دیاردەیە چۆن سەریهەڵداوە وبەڕای ئێوە ڕێگەچارەکان چین وچۆن چارەسەر دەکرێت؟

بەبڕوای من، دیاردەی چەکداری لەهەرشوێنێک بوونی هەبوو پەیوەندی بەسوڵتەو دەسەڵاتی ئەو ناوچەیەوە هەیە. ئەوەی ئاشکراو لەبەرچاوە لەماوەی ٣٤ ساڵی ڕابردودا لەژێرسایەی حوکمی میلشاییدا بوو لەوانەش میلشیای حزب، میلشیای عەشیرەت و تایفەگەری، تەنانەت میلشیای کەسایەتیەکانیش. بەم مانایە

بەدرێژایی سێ دەیەی ڕابردوو ئەوەی کەبینراوەو لەمەیداندا کراوە حوکمی میلشیایی بووە. ئەو تێڕوانین و عەقڵیەتەی کەسایەتیانەی کردووە بەسەر بیرو ئەندێشەی بەشێک لەخەڵک کە پێیان وایە بۆ یەکلایکردنەوەی هەرکێشەیەک

دەستبردن بۆ چەک چارەسەرە.

لەلایەکی دیکەشەوە ئەوە خودی حزب و هێزەکانی دەسەڵات بوون کە پشکی شێرو لەژێر هەژمونی فکری و سیاسەتی ئەواندا ئەم نۆرمە بەشێک دەبێت لەدیارە دزێوەکانی ناوکۆمەڵگە کە بەهۆیەوە ئۆقرە لەخەڵک ببڕێت، هەربۆیە ئەمان هەر لەڕیشەوە لەکات و زەمەنە جیاوازەکاندا پەیانان بۆبردووەو میلشیایان دروستکردووە بەشێوەی باندو گروپی جیاوازی جیاجیاو تمویل و چەکداریان کردوون بەجۆرێک کە تەنانەت لەکاتی هەڵبژاردنەکانیشیاندا چەک و دەمانچە دەبەخشنەوە، بەم مانایە گەرای ئەم دیاردە ناشارستانیەیان چاندووە.

ڕۆژانە دەبینین و گوێبیستی ئەوە دەبین کە دەڵێن دیادەی کوشتن هۆکاری چەکی بێمۆڵەتە، بەڵام ئەگەر بەوردی سەرنجبدەین، ئەوا زۆرینەی تاوانەکان بەچەکی مۆڵەتدارو کەسانی سەربە دوو حزبی دەسەڵات خۆیانن، تەنها لەم ساڵدا شایەتی کوشتنی نزیکە ی ٢٣ کەس بووین لەکوردستاندا کەزۆرینەی ڕوداوەکان بەدەستی چەکدارو میلشایی دوو حزبی دەسەڵات بووە، واتە خۆیان و دارودەستەکانیان بوون. بینمان لەناوچەی سۆران تەنانەت لەشەڕی

نێوان عەشیرەتەکاندا چەکی قوسیش بەکارهات، لەوانە دۆشکەو ئاربیجی و بیکەیسی ودەیان چەکی جۆراو جۆر.. ئاشکرایە کە ئەمانە هیچی چەکی بێمۆڵەت نین، ئەمانە گەراو نفوزی هیزە میلشیاکانی حزبن لەناوعەشیرەتەکاندا؛

بڕوانە! لەماوەی ١٥ ڕۆژدا دوو گەنج دەکوژرین لەسلێمانی، ئایا ئەمانە کێ بوون؟ ئایا ئەمانە بەشێک نەبوون لەچەکدارانی دەسەڵات؟

ڕێگا چارەسەر ئەوەیە کەدیاردەی چەکداری لەشارەکاندا نەمێنیت، نەک تەنها بۆ خەڵک، بەڵکو میلشیاو هێزەکانی خۆشیان دەبێت دووربخرێنەوە لەژیانی خەڵکدا. دەبێت نەک هەر دیاردەی چەکداری بەتەواوەتی بنبڕبکرێت، بەڵکو سزایی قورسیش بۆ کەسانی چەک بەدەست دابنرێت. ئەمەش پێویستی بەفەزای گشتی کۆمەڵگەو سەرجەم لایەنە مەدەنی و ناحکومیەکان هەیە. هەروەها وەزارەتی پەروەردەش گرنگە ڕۆڵی خۆی بگێڕێت لەڕێنماییکردنی قوتابیانی هەموو قۆناغەکان، بەتایبەتی قۆناغی سەرەتایی، ئەویش بەڕێگای دانانی پرۆگرامێک بۆ قوتابخانەکان، هەتا نەوەکانی داهاتوو بەئارامی وبەبێ توندوتیژی مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکاندا بکەن و بەهیچ شێوەیەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بیر لەبەکارهێنانی چەک نەکەنەوە، بەڵکو لەڕێگای دیالۆگ و گفتوگۆی هێمنانەوە کێشەکان چارەسەر بکەن.

ئەمساڵ ژمارەی قوربانییانی ڕووداوی کوشتن بە چەک جێگای مەترسییە و دەبێت ئەم مەترسییە کۆمەڵگە ڕابوەشێنیت و بەهەر ڕێگایەک دەکریت فشاری گەورەی کۆمەڵایەتی بۆدەسەڵات بهێنرێت هەتا کۆمەڵگە لەئاسەوارە خراپەکانی کەژیانی خەڵکی تێکداوە بپارێزێت...

> ”ڕۆژانە دەبینین و گوێبیستی ئەوە دەبین کە دەڵێن دیادەی کوشتن هۆکاری چەکی بێمۆڵەتە، بەڵام ئەگەر بەوردی سەرنجبدەین، ئەوا زۆرینەی تاوانەکان بەچەکی مۆڵەتدارو کەسانی سەربە دوو حزبی دەسەڵات خۆیانن، تەنها لەم ساڵدا شایەتی کوشتنی نزیکە ی ٢٣ کەس بووین لەکوردستاندا کەزۆرینەی ڕوداوەکان بەدەستی چەکدارو میلشایی دوو حزبی دەسەڵات بووە...“

## کرێکاران، زەحمەتکێشان، لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!

بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی نارِەزایەتی سۆسیالیستیانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبڕاوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی فکر و ڕاگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوە ڕەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی...

بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارِەزایەتییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سێبەریان، دەیانەوێ بەلاڕێ، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەوەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تالانی دەسەلات و کۆمپانیاکانیان، هەواڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنییەکان... بە ئێمە بگەیەنن. بۆپێشەوە، دەنگی سازش هەڵنەگرو سەکۆی ڕاستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەمەی خوارەوە ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..

bpeshawa@gmail.com

www.bopehsawa.net

# بەیاسایی کردنی ئیغتیسابی منالآنی ٩ ساڵ...

## نووسینی: عەبدوڵا مەحمود




جارێکی تر فراکسیۆنی شیعەی سیاسی پرۆژە یاسایەکیان ئامادەکردەوە و خستۆیانەتە بەردەم پەرلەمانی عێراق، بۆ دەنگ لەسەردان... بەپێی ئەم پرۆژە یاسایە هەمواری پرۆژە یاسای کۆنەپەرستانەی پێشووی باری کەسێتی، ئاڵوگۆری بەسەردا دێت، بەڵام ئاڵوگۆرەکە نەک کۆنەپەرستانەتر لەوەی پێشوو، بەڵکو لەلایەکەوە خودی "یاسا" بە هەر ناوەرۆکێکەوە دەکاتە تەیرێکی قەڵب و لەجێگایدا لەدەرەوەی یاسا و دادگا، ماف دەداتە عەشیرەت و نەریتەکانی کە پرسی بەشودانی ژنان بەڕێوە ببەن و لەلایەکی تریشەوە ئیغتیسابی منالآنی کچی خوار ١٨ ساڵ و کچانی نۆ ساڵە بە یاسایی دەکات، لەگەڵ چەندین ئاڵوگۆری تر کە هەموویان بەدژی ژنان و مافەکانی ئەوانە.

ئیسلام و ئیسلامی سیاسی، سەرباری فرەژنی و لە چەشنی میسار، سیغە، سەرباری دەست ئاوەڵایی بۆ راوکردنی ژنانی جوان لە کاتی شەڕەکاندا و کڕین و فرۆشتن پێوەکردنیان، ئەمجارە خەریکن منالآنی کچی نۆ ساڵان، دەکەنە خۆراکی سێکسی پیاوە ناو گەڵ چڵێسەکانیان.

ئیسلام و ئیسلامی سیاسی کە لە هیچ ئاست و لەهیچ بوارێکدا بروایان بە فرەیی و جیاوازی بیرورا و تۆلیرانس نییە، لە پرسی ژندا فرەیی و چەند ژنە، وەکو نیعەمتێکی ڕێپێدراوی خودایی دەقۆزنەوەو دەیانەوێت بەیاسایی بکەن و لەوەش زیاتر رەسمیەت بدەن بە بەشودان و هێنانی کیژۆڵە و منالی نۆ ساڵەی کچ، کەئەوە دەستدرێژییەکی ئاشکرای ئیسلام و ئیسلامی سیاسی و بۆسەر منالآن، کە لەلایەن دەسەڵاتێکی تاسەر مۆخ کۆنەپەرست و دژە ژنەوە زەمینەی بۆ سازکراوە.

ئیسلامی سیاسی شیعی، ئەم پرۆژەیان بەدەستەوە گرتووەو دەیانەوێت منالآنی کچ لە نۆ ساڵییەوە، بەپێی یاسا بخەنە ناو کایەی کڕین و فرۆشتن و مامەڵەی کۆنەپەستانە و زەواجیان رەسمیەت پێ بدەن، بەڵام ئەوە تەنها پرۆژەیەک نییە، کە شیعەی سیاسی بەرگری لێ بکات، بەڵکو لایەکانی تری ئیسلامی سیاسی سونیش، ئەوە بەرەوا دەزانن و داعش وەکو لقێکی ئەم رەوتە بە کردەوە ئەم ئەزموونە قیزەونە و میراتە پوچەی سەردەمی پەیامبەر و خولەفاکانی راشدینی لە شەنگال و موسڵ و چەندین جێگای تردا نمایش کرد. ئیسلامی سیاسی و رەوتە سیاسیەکانیان چونکە هەموویان پشتیوانی ئەم کردەوەی داعش و هەڵگری هەمان پەیامن، ئامادەنەبوون ئیدانەی داعش و ئەو هەموو سەربڕین و کڕین و فرۆشتنە بە ژنانەوە بکەن.

ئیستا جارێکی تر شیعەی سیاسی و لە سایەی دەسەڵاتی باڵادەستی هێزەکانی سەر بە ئیرانی ئاخوندەکان، دەیانەوێت ئیغتیسابی ژنان بە یاسایی بکەن و لەوەش زیاتر بەیاسا، مافی بەشودانی ژن و منالی نۆ ساڵەی کچ لە بسپێرنە دەستی سەرۆک عەشیرەت و خێڵ و مەزهەب و نەریتە دینییەکان، بەوەش لە لایەکەوە بەشودان و لەراستیدا ئیغتیسابی منالآن شەرعەنە بکەن و لەلایەکی تریشەوە هەر بەیاسا ئەو مافی!! ئیغتیساب کردن و بە شودانی ژنان، بخەنە دەرەوەی چوارچیوەی یاسایی و سەران و پیاوانی دین بکەنە سەروەر!! واتە هێرش بۆسەر ژنان و منالآن هەم لەڕێگای یاساو هەم لە رێگای دەرەوەی یاسا بکەنە دیاری دەستیان...

یاسای باری کەسێتی ساڵی ١٩٥٩ کە مۆر و نیشانی چەندین دەهەی پێشووی کۆمەڵگەی عێراقی پێوەیەو رەنگدانەوەی هەلومەرجی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و کەلتوری ئەو سەردەمەیە، نەک بەدەردی کۆمەڵگەی ئیستا و چاوەروانیەکانی ئینسانی ئەم سەدەمەو ویستەکانی ژنان نییە، بەڵکو لە دژی ژنان و مافە سەردەمیەکانی ئیستای کۆمەڵگەو ژنانە، بۆیە دەبوو ئەو یاساییە هەموار بکرێتەوە و لە پۆخڵی و چڵیسی ئیسلام و پیاو سالاری و کۆنەپەرستی پاک بکرێتەوە، کەچی پیاوانی ئایینی سیاسی و رەوتە سیاسیەکانیان، دەیانەوێت ئەم یاساییە کۆنەپەرستر لە چەندین دەهەی پێشوو وە بۆپێش سالآنی پەنجاکان و سەدەکانی سەدەمی محەمەدی ئیسلام و خولەفاکانی ڕاشدین بگێڕنەوە.

ئەوە هەوڵەش شەریکی یەکجار گەورەیە لەدژی کۆمەڵگەی ئەم سەردەمە کە نەک تەنها رووی لە ژنان و منالآنی کچ و بزوتنەوەی بەرگری لەمافەکانی ژنانە، بەڵکو رووی لەتەواوی کۆمەڵگە و جەنگینە لەگەڵ هەموو بەها و مافێکی ئینسانی ئەم سەردەمە...

ژنانی ئەمڕۆی کۆمەڵگە و خواست و ویست و پێگەیان و روو هێنانیان بۆ مەیدانەکانی کار و بەرهەمهێنان و چالاکی هەمەچەشنی ئابوری و سیاسی وکۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و زانستی و کەلتوری، بە جێگایەک گەیشتووە، کە پێویستە بەو پێودانگە و ئەو پێشرەوییە گەورەیە مافەکان و ویستەکانیان لەهەموو زەمینەکاندا و تا دەگاتە زەمینەی زەواج و جیابوونەوەیان بە نۆرمی ئەم سەردەمە رەنگرێژ بکرێت، نەک ژمارەیەک رەوتی سیاسی ئیسلامی و پیاوانییان، زاتی ئەوە بکەن خۆیان لە قەرەی جوڵاندنی دۆسییەک بدەن، کە دژایەتی راستەوخۆ لەگەڵ هەموو پیوانەو پێشکەوتنەکانی ئەم سەردەمە دەکات.

هێنانی ئەم پرۆژە یاساییە بۆ هەمواركردنەوە بەو ئاراستەیەدا، کۆمەڵگە بگێڕیتەوە بۆ دەورانی لە گۆڕنراوی چەندین سەدە لەوەپێش، هەوڵێکە نەک بەرهەمی توانایی و پێگەی بەهێزی ئەو هێزو لایەنانە، بەڵکو بەرهەم و دەرهاویشتەی ترس و لاوازییە لە بەرامبەر بە پێشرەوی روو لە پێش و رێگە لینەگیراوی رەوتی بەرەو پێشەوە چوونی کۆمەڵگەو چوونە سەری ئاستی چاوەروانیەکانی ئینسانی ئەم سەردەم و ژنانی ئەم کۆمەڵگەیە...

ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز، رێکخراوە ئینسان دۆست و لایەنگرانی مافەکانی ژنان و هەموو کەسێکی ئازادیخواز، ئەرکیانە ئەو لاوازیی و هەوڵە پوچەی رەوتە ئیسلامییەکان و پیاوانیان، بە جۆرێک شکست بدەن، کە جارێکی تر جورئەت نەکەن بیر لە هێنانی یاسای نەک ئیغتیسابی منالآن و سەندنەوەی مافی زۆر سەرەتایی لەژنان، بەڵکو لە دەست ئاوەڵاکردنی پاشماوە بۆ گەنەکانی عەشیرەت و سەرۆک هۆزەکان و پیاوەکانیان تا بەیاسای کۆنەپەرستانەی داعشی و یان لە دەرەوەی یاسا کایە بە ژیان و ئایندەی ژنان و مافەکانیانی بکەن.

دەسەڵاتی سیاسی بەرپرسی یەکەمی ئەو دۆخە و زیندوکردنەوەی میراتی دووبارە سەر لەگۆر دەرهاتووی سەدەکانی ناوەراستە، بۆیە روو بەروو بوونەوە لەگەڵ ئەم دەسەڵاتە پێش مەرجی هێرشە بۆسەر هەر هەوڵێکی تری گروپ و رەوتە دینیەکان و پیاوانی چڵێسی سێکسی و کاراکتەرەکانی دروستکردنی ماشێنی ئیغتیسابی ژنان و یاسا و هەموو مافێکی ئینسانی ئەم سەردەمەی ئینسان و ژنان.

ناوەراستی ئابی ٢٠٢٤

**هێنانی ئەم پرۆژە یاساییە بۆ هەمواركردنەوە بەو ئاراستەیەدا، کۆمەڵگە بگێڕیتەوە بۆ دەورانی لە گۆڕنراوی چەندین سەدە لەوەپێش، هەوڵێکە نەك بەرهەمی توانایی و پێگەی بەهێزی ئەو هێزو لایەنانە، بەڵکو بەرهەم و دەرهاویشتەی ترس و لاوازییە لە بەرامبەر بە پێشرەوی روو لە پێش و ریگە لینەگیراوی رەوتی بەرەو پێشەوە چوونی کۆمەڵگەو چوونە سەری ئاستی چاوەروانیەکانی ئینسانی ئەم سەردەمە و ژنانی ئەم کۆمەڵگەیە...**



# جەنگەکان درێژەپێدەری سیاسەتی چەوسانەوەی ئابووری چینایەتین!!!

## نووسینی: نەجمەدین فارس

ئەوەی کەلە ڕابردوودا گوزەراوەو، لەئێستادا دەگوزەرێت، جەنگەکان هەمووکات هۆکاری دەمەزەردکردنەوەی دەسەڵات و بەرژەوەندی تایبەتی کۆمەڵێکی کەمی باڵادەست بوون، لە فۆڕمە جیاوازەکانی دەوڵەت و دەسەڵاتی خێڵەکی و ئاینی وئەرستۆکراتی ودیموکراسی وئۆلیگارشی ودیکتاتۆریەت و ئیمپراتۆرەکان بووە. سەرەتای دابەش بوونی کۆمەڵگەی سەرەتایی بێچین و توێژ بۆ دووچین و دووبەرژەوەندی جیاواز لەمێژوودا، سەرەتای دەستپێکردنی جەنگە جیاوازو جۆراوجۆرەکان بووە، بەشێواز وتەکنیکی جیاواز، لەپێناوی هەژموونگەرایی وبەرژەوەندپەرستی باڵادەستانی خێڵ وفۆڕمە جیاوازەکانی دەسەڵاتدارێتی و دەوڵەت. دروستکردن وبەرپاکردنی جەنگەکان لە مێژوودا بۆ شاردنەوەو پەردەپۆشکردن ودوورخستنەوەی لەدەستدانی دەسەڵات و بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی دەسەڵاتداران بووە، کە لە ئەنجامی جیاوازی چینایەتی و هەڵاوێردنی چینەکانی خوارەوە سروشتێکی ململانێی لەنیوانیاندا دروستکردووە، وبەبەردەوامی لەململانێدابوون.

بەپێی سەردەمەکان جۆری چەک و تێچووی جەنگەکانی گۆڕانکاریان بەسەرداهاتووە. دواکەووتویی و پێشکەوتووی چەکەکان گۆڕانکاری بەسەر ڕێژەی کوشتارو و کاولکاریدا هێناوە. لەئەنجامدا جەنگەکان هۆکاری ماڵ وێرانی وخوێن ڕشتن وقات وقڕی بووەو دەبێت، بەهەرشێوەیەک بێت ئەوجەنگانە جەنگێکی نادادوەرانەو ناڕەوایە بۆ ژیانی مرۆڤایەتی، لەبەرئەوەی درێژەپێدەری هەمان هەلومەرجی ژیانە بەشێوەیەکی خراپتر. جەنگەکان لەڕێگەی بڕیادانی دەسەڵاتدارانی خێڵ و دەوڵەتەوە بەرپا بوون و هیچ لایەنێکی خوارەوەی کۆمەڵگەکان ڕەزامەندیان لەسەری نەبووەو دەرنەبڕیووە. بەرژەوەند پەرستانی دەسەڵات، بە بەرژەوەندی خۆیان جەنگەکانیان هەڵگیرساندووە. ئەگەر دەسەڵاتدارانی دەوڵەت بۆ قازانجی خۆیان و هێشتنەوەی دەسەڵاتیان و کۆیلەکردنی دانیشتوانی کریگرتەی کارو سەرمایە نەبێت، ئەیانتوانی بە تێچووی جەنگەکانیان دریان بەهەژاری بدایە و قاتووقڕی وبرسێتی وکێشە ناوخۆیەکانیان بنج بڕوو کۆتاییان پێ بهانیایە. دەرئەنجام جەنگ بۆ دەسەڵاتداران لە جیهاندا هۆکارە بۆ کۆیلەکردن و چەوساندنەوەی زیاتری بەشەکانی خوارەوەی کۆمەڵگەیەو بەدەستهێنانی زیاتری دەسەڵات و بەرژەوەندییە بۆ دەسەڵاتداران. جەنگەکان بەشێکی گەورەی بازرگانی وقازانجە بۆ کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی چەک لەجیهاندا. بەپێی ڕاپۆرتێکی ماڵپەڕی DWی ئەڵمانی لەساڵی ٢٠٢١ز یدا، بڕی چەکی سەربازی فرۆشراو لەبازاڕی جیهانیدا ٥٩٢ پێنج سەدو نەوەت ودوو ملیار دۆلار بووە، لەو بڕەش بەشی شێر بە کۆمپانیا ئەمریکیەکان بڕاوە کە زیاتر لە نیوەی ئەو بڕەی سەرەوەیە کە بایی ٢٩٩ دووسەد ونەوەت نۆ ملیار دۆلار بووەو بە وڵاتانی فرۆشتووە. ڕێژەی فرۆشتنەکانی چەک لەلایەن وڵاتانی بەرهەمهێنەوە بەم شیوەیە،٣،٢% دەوڵەتانی ئەوروپا،٢%ئیسرائیل، ١،٦% ئەڵمانیا،٦،٨% بەریتانیا، ١،٢% کۆریای باشوور، ٣% روسیا، ١،٥% یابان، ٤،٩% فەڕەنسا،٢،٨% ئیتالیا،١٨% چین،٤% دەوڵەتانی تر،٥١% ئەمریکا.(١) ئەم دەسکەوتە بێشوومارەی بەدەستهێنانی دۆلار چەکی جەنگی پێویستیان بە جەنگ وبەکارهێنانیانە، تا لەبازاڕەکانی جیهاندا ساغیان بکەنەوە. بازرگانی چەک پڕ قازانجترین بازرگانیە لەجیهاندا. لەبەرئەوە ڕوودانی جەنگەکان هۆکار دەبن بۆ بازاڕ گەرمی چەک. ڕوودانی جەنگە کان سروشتی سیستەمی بازاڕی سەرمایەدارین.

سیستەمی سەرمایەداری و بۆرژوازی لیبراڵی لەوکاتەوەی کە سەری لە ناو پەیوەندی ئابووری کۆمەڵایەتی سیاسی دەرەبەگایەتیدا دەرهێناوە، لەپێناو سەقامگیرکردن و هێشتنەوەی دەسەڵات و فۆڕم وشێوازی بەرهەمهێنان وبەڕێوەبردن و چاودێری کردنی کەڵەکەی سەرمایەو قازانج، لەمێژووی خۆیدا زۆرترین جەنگ و کوشتارگەی بەرپاکردووە لەچاوو جەنگەکانی کە لەهەردوو سەردەمی فرماسیۆنی ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆیلایەتی و دەرەبەگایەتیدا ڕویانداوە. جەنگە دووردرێژە داگیرکاریەکانی ئەوروپا وجەنگە ناوخۆییەکان و، دروستکردنی هاوپەیمانییە جیاوازەکان و هەردوو جەنگی جیهانی یەکەم ودووەم و جەنگەکانی ناو قاڕەجیاوازەکان، هۆکاربوون بۆ کوژرانی سەدەها ملیۆن مرۆڤ، هەروەکو ئەو جەنگانەی کە یۆنانیەکان و ڕۆمانیەکان، پارسەکان، ئیسلام وخاچپەرستەکان بەرپایان کردووەو خەڵکیان بەناهەق کۆمەڵکوژ کردووە، لەپێناوی دەسەڵاتی پاوانخوازانەی دەسەڵاتداران و بەرژەوەندیدا ئەنجامیانداوە. هیچ جەنگێکی ناڕەوای دەوڵەتان و دەسەڵاتداران لەمێژوودا نەبووەتە هۆی باشترکردنی ژیانی ئابووری وکۆمەڵایەتی وسیاسی، بێجگە لەوەی کە هۆکاربووە بۆ کوشتارو بێ ماف کردن و زیاتر هەژارکردن وبرسی کردنی زۆرترینی دانیشتوانەکەی و بەتایبەتتر کۆیلەی فرۆشیارانی هێزی کار پشکی شێری ئەوبرسێتی و قاتووقڕیەی بەرکەوتووەو بەردەکەوێت.

ئەوجەنگانەی ئێستا لەناوچەکەو جیهاندا ڕوودەدەن، جەنگی تورکیا دژی کوردی دانیشتوی سوریا و تورکیا و جەنگی ڕوسیا دژی ئۆکرانیا و جەنگی نێوان دەوڵەتی ئیسرائیل و فەلەستینیەکان وبەتایبەت تر دژی غەزەییەکان، جەنگێکی نەگریسی خوێناویەو بەرۆکی بە دانیشتوانەکانیان گرتووە، ناڕەوایەو مرۆڤێکی زۆری تیادا دەبێت بەقوربانی وسوتەمەنی، وە هیچ ئەندامێکی خێزانی دەسەڵاتداران و خۆیان تیاناچێت، بەڵکو دەبێتە زیاتری بەدەستهێنانی قازانج بۆ بازرگانانی جەنگ، وفرۆشتنی زیاتری چەک لەلایەن وڵاتانی بەرهەمهێنیەوە. هەروەکو لەپێشتردا باسمان کرد، بە تێچووی ئەوجەنگانە ئەیان توانی چارەسەری هەژاری و برسێتی ونەداری وئاوارەیی لەناوخۆی وڵاتەکانیاندا بکردایە کە بەربینگی دانیشتوانەکەی گرتووە. بەشداریکردنی وڵاتانی جیهان و ناوچەکە بەشێوەی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ و درێژەدان بەجەنگی ڕۆپۆشکراو بە بیروبڕوای جیاوازی ئاینی و مەزهەبی و نەتەوەیی، بۆ درێژەدانە بەهەمان سیاسەتی خۆسەپێنانەی سەرمایەداری و لیبرالیزمە و درێژکردنەوەی سیستەمی ئابووریانە. بە پۆزشی هەڵگرانی و ڕوپۆشکراوی سیاسەتی جیاوازی ئاینی و مەزهەبی ونەتەوەیی جیاواز برەو بەجەنگەکانیان دەدەن، لەگەڵ ئەوەی مەزهەب و ئاینەکانیان لەمێژوو لە ساتەوەختی نوسرانیاندا و هەتائێستاش هۆکاری چەندین جۆری کۆیلەیەتی وجیاوازی جنسی و ڕەگەزی بەشێکی دیاری هەڵاوێردنی مرۆڤەکان بووەو بەرجەستەکردووەو برەوی پێداوەو هەڵی نەوەشاندووەتەوە، لەڕێگەی دووبارەکردنەوەیەوە برەوی پێداوە لەئێستادا، لەڕێگەی گەوجاندنیانەوە مرۆڤگەلێکی بەدوای خۆیاندا هەڵخراندووەو وەکو کۆیلە خزمەتی بەرژەوەندی و سیاسەتەکانی خۆیانیان پێدەکەن، چ جای ئەوەی ئاسودەیان بکات.

لەجیاتی ئەوەی هەردوو لایەنی بڕیاردەری جەنگی ئیسرائیل و فەلەستینیەکانی غەزە، چارەسەری هەژاری و ڕەشوڕوتی دانیشتوانەکانیان بکەن بەتێچووی جەنگەکانیان، جەنگیان بە قازانجی ماددی و هێشتنەوەیان لە دەسەڵاتدا بەکار دەهێنن و هێناوە. ئاماری ترسناکی هەژاری بەرۆکی بە دانیشتوانی جیهان گرتووە هیچ هەوڵێکیش بۆ چارەسەری نییە، بێجگە لە درۆوو دەلەسەی دەسەڵاتداران و ڕێکخراوە جیهانەکان نەبێت، کە خۆیان و سیستەمە ئابووری کۆمەڵایەتی سیاسیەکەیان سەرچاوەی هەژاری و جەنگە خوێناویەکانن. هۆکار چییە جەنگ بەرپادەکەن و هەوڵنادەن هەژاری لەووڵاتەکانیاندا چارەسەر بکەن؟؟ لە دەوڵەتی ئیسرائیلدا ڕێژەیەکی ترسناکی هەژاری و ڕەشوڕووتی بەرۆکی بە زیاتر لە ٦٥٠٠٠٠ شەس سەدوو پەنجا هەزار خێزانی گرتووە(٢) هەروەها دانیشتوانی غەزە ڕێژەی هەژاریەکی ڕەهای هەیە کە بە لە ٧٠% لەسەدا هەفتای دانیشتوانەکەی مەزەندە دەکرێت.(٣) لەگەڵ ئەوەشدا کۆیلە و

بۆ لاپەڕە 13

گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێک یان ناساندنیان ڕێک دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر، وریای ڕەسام، ڕیبوار حەمە شەریف



# هونەری دەنگ و نواندن

# قسەکردن - وتن

## نووسینی: ڕێبوار حەمە شەریف... بەشی دووەم و کۆتایی

لەبەشی پێشوتردا

باسمان لە گرینگی (دەنگ و هونەری دەنگ )کرد کە تا چەندە گرنگە بۆ ئەوەی ئەو پەیامە بگەیەنرێت کە لە ڕێگەی دەنگەوە مەبەستمانە، جا گەر وەک (ئەکتەرێک بێت لە کارێکی درامایی دا یان شانۆیی یان بێژەرێکدا کە، ئاڕاستەکەرە بۆ پەیام گەیاندنێکە بۆ بینەر یان گوێگران...

هەر بۆیە گەر ئەکتەرێک کە نەتوانێت دەنگی خۆی ئاراستە بکات و هەرکاتێک بیەوێت بیگەیەنێت، هەروەک چۆن خۆی کە ویستی بیەوێت. وەک چۆن بێدەنگێک ئازار دەچێژێت ئاوەهاش ئازار دەچێژێت، چونکە دەنگ بەشێکە لە پەنگ خواردنەوەی ناوەکییە هەستییەکان کە لە سینەداو لە بیرکردنەوەماندا کێنگڵ ئەدات وەک شەپۆلێک .

ئەکتەر هەیە کە دۆخی سروشتی خۆیان بە حاڵەتێکی ناتەبایی لەگەڵ دەنگ دادەنرێت... و هەرکەسێک وا بکات، دەنگیان (زەق) دەبێتەوە، و بە تۆنێک قسە دەکەن کە ئەوەی دەیانەوێت دەرببڕن دەشێوێنێت لە کاتێکدا کە ئەو وەک ئەوەوایە کە هەستێکی شیرینە کە لە ناوەوە گۆرانی دەڵێت.

بیهێنە بەرچاوت ئەکتەرێک کە دەیەوێت ئەو هەستە ناسک و شەفافە دەرببڕێت کە بۆ خۆشەویستەکەی هەیەتی. بەڵام لەبری دەنگەکە دەنگێکی ناشرین دێتە دەرەوە، ئەو هەستە نایابەی کە وابەستەی ئەوە دەشێوێنێت. زۆرجار وا ڕوودەدات کە ئەکتەرێک دەنگێکی جوانی هەبێت، زۆرجاریش وا ڕوودەدات کە ئەکتەرێک دەنگێکی هەبێت کە لە ئازادی خۆیدا جوانە و لە دەربڕینەکەیدا نەرم و نیان بێت، بەڵام هێزەکەی هێندە لاوازە کە لە ڕیزی پێنجەمەوە بیبیسترێت.

ئەمەش ئەکتەر ناچار دەکات دەنگە جوانەکەی ناچار بکات و ئەم زۆرەملێیە نەک تەنها دەنگ و بێژەکردن تێکدەدات، بەڵکو دەبێتە هۆی خودی ئازارەکان.

زۆر جار دەنگەکان لێک ئەدەن کە لە شانۆدا بە باشی دەبیسترێن ئەگەر بۆ نمونە گەر مەقاماتی بێت...

١/ یان بەرز بێت یان نزم، لە کاتێکدا مەقاماتی ناوەڕاست بە تەواوی لێیان غیاب / ونبێت، بێت هەر بۆیە دەبینین هەندێکیان دەنگیان بەرز دەکەنەوە و دووەمیان (کز و گرژ) دەکات تا ئەو ڕادەیەی کە هاوار بکەن هەندێکیان لە هەمان کاتدا مەقامەکە کە لە پێنج نۆت پێکهاتووە دادەبەزێنن.

جێگای داخە کە هەندێک جار هونەرمەندێک دەبینین کە لە هەموو ڕوویەکەوە باش بێت، دەنگێکی بەهێز و نەرم و نیان و دەربڕین و مەودای فراوانی هەبێت باشترە دەنگێکی لەم شێوەیە هەبێت کە بتوانێت هەموو وردبینی و پێچاوپێچەکانی وێنەکێشانی ناوەوە دەرببڕێت، بەڵام بەدبەختی لەوەدایە کە زەنگی دەنگەکە نەخوازراوە و دوور لە هەموو سەرنجڕاکێشانێکە.

هەندێک جار ڕوودەدات کە ئەم کەموکوڕییە تەکنیکییە دەنگییانە ئەوەندە چارەسەرنەکراون کە ناتوانرێت ڕاستبکرێنەوە. یان لەبەر ئەوەی تایبەتمەندی سروشتییەکەی وەک یەکە، یان شیکارییەکی پاتۆلۆژی لە خودی دەنگەکەدا هەیە، بەڵام لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ئەو کەموکوڕیانەی باسکراون چارەسەرنەکراو نین و دەتوانرێت بە ڕاهێنانی دەنگەکە بە شێوەیەکی دروست دوور بخرێنەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی نەهێشتنی ئەوەی دەنگەکە بەدەستیەوە دەناڵێنێت.

( گرژبوونەوە/ گرژی/ زۆرەملێ / هەڵە/ لە هەناسەدان/ یان هەڵە لە پرۆسەی بێژەکردندا.)

هەر لەبەر ئەمەشە پێویستە بە گرنگیدانێکی تەواوەوە سەلامەتی سیستەمی دەنگ و هەناسەدانمان مسۆگەر بکەین. ئەکتەر دەبێت بە تەواوی ئامادەکاری لەسەر شانۆ دەربکەوێت، بەو پێیەی دەنگ بە بەشێکی گرنگ و گرنگ لە ئامرازە داهێنەرەکانی دادەنرێت. دروستکردنی دەنگ دەبێت لە ساڵانی یەکەمی کارکردن و خوێندن و ڕاهێناندا ئەنجام بدرێت.

"دەنگی من سەرمایەدارییە" ئەمە قسەی ئەکتەری بەناوبانگی ئەڵمانی (ئێرنست بۆسارت) لە ئاهەنگێکدا وتی کاتێک گەرمی پێوەرێکی بە شۆربا و شەراب و خواردنەوەکانی دیکە دادەپۆشی. حەز و ئارەزووی بۆ دەنگی، وای لێکرد کە گەرمی هەموو شتێک کە دەیخوارد بە ڕادەیەک مسۆگەر بکات، کە گەیشتە ئاستی یەکێک لە باشترین دیارییە داهێنەرەکانی سروشت، کە ئەویش دەنگە جوان و بەرز و دەربڕین و بەهێزەکەیە.

لە پێناو جوانی لە دەنگدا، پێویستە پراکتیزە بکەین بەم هۆ و هۆکارانەوە:

١- سەوەیت:

دەنگە قووڵ و نەرمەکانن، لە زمانی عەرەبیشدا ئەلیف - واو - یاا - فەتا - داما - کەسرا... هتد.

٢- بزوێن:

دەنگی بزوێنن.

پرسەکە لەوەدا دەگەڕێتەوە کە کارکردن لەسەر ڕاهێنانی دەنگ لە سەرووی هەموو شتێکەوە سنووردارە بەم:

ئەلیف/ لە پەرەپێدانی هەناسەدان و ئەنجامدانی نۆتەکان.

باء / تێبینی دان:

ئەو شتەیە کە مەبەستمانە لە وشەکە وەک دەنگ. وە بەڕۆژوو بوون.

چ- پێویستە تەنانەت دەنگە باشەکانی سروشتیش ڕابهێنین بۆ ئەوەی بە باشی پێشکەشی بکەین.

دیکشن/ ئامادەیی:

دەبێت لە ڕێگەی وشەوە هەستە بەرزەکان لە شانۆنامەیەکی (تراژیدیدا) بگەیەنێت، هەروەک چۆن لە شانۆنامە دراماتیک و کۆمیدییەکاندا دەبێت قسەیەکی سادە و دۆستانە و بەرز بگەیەنێت.

پێویستە پێش و لە کاتی ڕاهێناندا بزانین بۆ جیاوازی لە نێوان دەنگی□ قوڕگ، دەنگی لووت، دەنگی سەر، دەنگی سنگ، دەنگی پشتەوە و دەنگی قوڕگ.

دەبێت درک/ ئحساس بە پەسەندکردنی ئەو دەنگانە بکەین کە لە پێشەوە، واتە لە پێشەوەی سەرەوە - کە کۆڵی ڕەق - بۆشایی لووت - و ناوچەی هایمەر (ناوچەی جیوب) لێیە.

گۆرانیبێژان دەڵێن: (ئەو دەنگەی کە "لە نێوان چەقۆکان دایدەنێیت" یان دەینێری بۆ "ئێسک"، واتە بۆ کەلەسەر، هێز بەدەست دەهێنێت و وەک کانزا دەچێت).

سەبارەت... بەو دەنگەی کە دەکەوێتە سەر کۆڵی نەرم یان پەڕۆی دەنگی، وەک ئەوەی دەنگدانەوەیەکی پەتۆ بێت دێتە دەرەوە.

ستانسلاڤسکی دەڵێت: لە گۆرانیبێژێکی ئۆپێرا یەکێک لە نهێنییەکانی ڕاهێنانی دەنگ فێربووم، ئەویش ئەوەیە کە دەبێت هەست بکەین کاتێک هەناسە دەردەهێنین، لەکاتی گۆرانی وتن، دەرچوونی دوو ڕژێمی هەوا، یەکێکیان لە دەمەوە و ئەوی دیکەیان لە لووتەوە.

لەگەڵ دەرکەوتنیان، دەردەکەوێت کە لە یەک شەپۆلی دەنگیدا لەبەردەم ڕووخساری گۆرانیبێژ یان ڕزگارکەردا یەکدەگرنەوە. هەموو ئەکتەرێک دەبێت شارەزاییەکی تەواو لە بێژەکردندا هەبێت، و دەبێت بە تەواوی هەست بە نەک تەنها وشە و ڕستە، بەڵکو هەموو بزوێن و پیتێکیش بکات.

قسەکردن و گەیاندن لەسەر شانۆ هێشتا خراپترە لە ژیانی ڕۆژانە. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا دەقی شانۆنامەکە لە شانۆدا بە خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانە و مەرجدار و زیوین بۆ بینەران دەخوێندرێتەوە.

کاتێک پرسیار لە ئەکتەری ئیتاڵی (تۆماس سالڤینی کرا: (ئەکتەر چی پێویستە بۆ ئەوەی ببێتە ئەکتەرێکی تراژیدی؟) وەڵامی دایەوە: (دەنگەکە... دەنگەکە، پاشان دەنگەکە).

هونەرمەند دەبێ لەگەڵ دەنگیدا هاوئاهەنگ بێت

ئەمە خۆشحاڵییەکی گەورەیە هەم بۆ گۆرانیبێژ و هەم بۆ ئەکتەری دراماتیک:

- توانای کۆنترۆڵکردنی دەنگ... و پابەندبوون بەو فەرمانانەی کە ئەکتەر پێی داوە. بە دەربڕینی بچووکترین وردەکارییەکانی داهێنان و ڕەنگ و سێبەرەکانی، دەربڕینێکی بەهێز و دەنگ بەرزە.

-کاتێک هونەرمەند لەگەڵ جەستە و دەنگیدا هاوئاهەنگی نەبێت، ئەمە مانای ئازاردانی گۆرانیبێژ و ئەکتەری دراماتیک دێت.

وەک چۆن لە ئێستادا لەلای هونەرمەندای کورد بەداخەوە زۆر باوە کە گۆڕانێکی ئەوتۆ نابینین لە دەنگەکانی پێشتریاندا!

ستانسلاڤسکی □

جەختی لەسەر پێویستی پیانۆ کردەوە لە پرۆسەی ڕاهێنانی دیکشن و دەنگدا. کاتێک پرسیار لە تۆماس سالڤینی کرا: "چی پێویستە بۆ کارەسات؟" وتی: »دەنگ و دەنگ و دەنگەکەش. « ستانسلاڤسکی لە درێژەی قسەکانیدا وتی: (تا ئێستا نەمتوانیوە بۆتان ڕوون بکەمەوە، ئێوەش نەتانتوانیوە، لە قۆناغی قووڵ و گونجاودا، مانای ڕاهێنان بۆ ئەم کاریگەرییانە لەسەر هونەرمەندێکی گەورە تێبگەن. ئەو نەیتوانیوە لە... مانای ئەم وشەیە تا دوای ڕاهێنان و دوای هەوڵێکی زۆر).

-دەبێت دەنگێکی باشی هەبێت.

- نابێت دەنگەکە باش بێت.

چی لە گۆرانیبێژ و هونەرمەندی دراماتیک دێتە دەرەوە؟

بۆ ئەوەی هەست بەوە بکەین کە تێگەیشتن لە دەنگەکە ناگاتە هۆڵەکە و گوێگران ڕازی ناکات. توانای دەربڕینی ئەم سەختی و قووڵی و بەخشینی چۆنایەتییەی داهێنەری ناوخۆیی نییە. تەنها هونەرمەند ئەم سەختییانە دەزانێت. تەنها ئەو دەتوانێت بزانێت چی لەناو خۆیدا لە ڕۆحیدا پێگەیشتووە، و چی و لە چ جۆرێکدا لە شێوەی دەنگدا دەهێنێتە دەرەوە. تەنها ئەو دەزانێت چۆن ئەوە بەراورد بکات، ئەوەی لەدایک دەبێت لە ڕۆحیدا، لەگەڵ ئەوەی کە بۆ دەرەوە ڕوون دەکاتەوە، چی و چۆن لە ڕێگەی دەنگ و بارودۆخەوە دەریدەبڕێت ئەگەر دەنگەکە ساختە بێت، هەستی هونەرمەندەکە بوو لە ڕووی پیشەییەوە لاوازە، چونکە بەخشینی ئەزموونی ناوەوە کاتێک بەرجەستە دەکرێت بۆ دەرەوە شێواوە.

تێبینی و دوا کۆتایی...

لە شانۆیەکی زەبەلاحی وەک شانۆی (دیۆنیسۆسدا)، ئەکتەری بێ دەمامک دەتوانێت هەموو بینەرەکان ببینێت.


بەڵام ئەکتەرە دەمامکدارەکە (...) دەگۆڕێت بۆ شتێکی هاوشێوەی پارچە پەیکەرێک، کە تێیدا هەر دێڕ و کێشراوێک بەشدارە لە دەربڕینی هەستی بنەڕەتی. تاکە جیاوازی نێوان ئەو لەگەڵ پارچە پەیکەرێک ئەوەیە کە هێڵە دەرەکییەکانی زەق و زەق ترن. دۆخی بەستن بەقەد نۆتەیەکی درێژ لە مۆسیقادا بۆ ئەکتەر بەنرخە. ئەوە بارگرانییەکی زۆر نییە لە لێکچوونەکە ئەگەر بڵێین ئەکتەری دەمامکدار و سەماکاری دەمامکدار نمایشەکانیان پێکدەهێنن.

**سەرچاوەکان :**

**بە دەستکارییەوە بۆ زمانی کوردی وەرمگێڕاوەتەوە**

**وە زۆربەی ڕاو بۆچونی خۆم و وەرگیراون لە زمانی عەرەبی و بیانییەوە (یۆنانی)**

(ڕێبوار حەمەشریف)



# هۆنراوەیەکی تازەی بەندی عەلی شاعیر

هەندێ جار سروشتی جوانی

خۆیان لەبیر دەچێتەوە، هەندێ قەڵەم!

لەبری ئەوەی، تیری دەرچوو

لە کەوانی حەقیقەت بن،


بۆ سنگی دێوزمەی ستەم..

بۆ چنگی گەنمی ژەهراوی و

بۆ قەفەزێکی ژەنگاویی پڕ لە هیچ و

لە نابووتی..

دەبن .. بە دەنوکی تووتی!!



# شیعرێکی محەمەد زەندی

وەرگێرانی خالیدبایەزیدی (دلیر)

دەکراسم هەیە

یەکیان لەبەر دەکەم

یەکیان لەبەر دراوسییەکەم دەکەم

یەکیان بۆ (فەتانەی مەجنون)

یەکیان بۆ ئیدمان بووەکەی ژێر پردەکە

یەکیان بۆ مەهاجیرێکی ئەفغان

وە کراسێک...

نازانم بە کێ و لە کوێ؟

ئیستاکە شەش کراسم هەیە

یەکیان لەبەر دەکەم

یەکیان بوو هاورێی پەنابەر

یەکیان بۆ نێرگیز فرۆشی سەرچوار رێ

یەکیان بۆ زیندانی

یەکیان بۆ هاورێ لەژێرخاک نووستووەکەم

وە یەک کراس بۆ کوچ بەریکی کورد

ئیستاکە دوو کراسم هەیە

تەنیا یەکیان لەبەر دەکەم

کراسەکەی تۆ

یەکیان بۆ هاورێ دور خراوەکەم

ئیستاکە کراسێکم هەیە

یەکیان لەبەر دەکەم

ئەو کراسەش

جەلاد! هەڵیدەگری و

بێ کراس لەسەر پەتی سێدارە دەمێنمەوە

# گۆشەی ئەدەب و هونەر



## چەند شعری هادی ابراهیمی رودبارکی

وەرگێڕانی لەفارسییەوە خالید بایزیدی (دلیر)

کات وناکات تەنانە ت هەمووکات

وشە شتێک مەترسی دار دەبێت

-داعیش

-ب 52

-سیاە برین

-پەهباد

-جۆرج دە بلیو بوش

بە رلە وە ی کە CNNهەواڵەکە بڵاودەکاتە وە

لە میشکدا دەتەقێتەوە

.............................................................

/٢

بە کاتژمێر

هیچ متمانەیەک نی یە

خۆت قورمیش کە

لەخەو هەستانت

پێشکەش بە کات ژمێرەکە کە

.............................................................

/٣

درەخت نە پیرسی

Where are you from ?

ماندوو بوونم

لە ژێر سێیە رەکە ی راخست

.............................................................

/٤

باڵندە

بە گوێی دارستانی بی خەودا

گورانی لایە لایەی دەچرِی

.............................................................

/٥

زەوی هێزی راکیشانی هەیە

بۆ هەموو( تەنەکان)

تەنیاییەکەی

سەرنج راکێش ترە.

.............................................................

/٦

چە ترێک

بۆبارانی پێکەنین

تاکوو گێژەڵوکەی گاڵتە جاری

لە نیو چاوانی بڵندی تاشە بەردی خوشەویستی تێپەری



# دیموکراسی: لێکدانەوەکان و واقیعەت

## چاوپێکەوتنی مەنسور حیکمەت لەگەڵ ئینتەرناسیۆناڵ

**بەشی چوارەم**

**ئینتەرناسیۆناڵ: ئایا مەبەستتان ئەوەیە کە دیموکراسی خۆی چەمکێکی سەربەخۆی لە بواری ماف و ئازادییە فەردی و مەدەنییەکان، وە یان حوکومەتی خەڵکدا نییە؟**

**مەنسور حیکمەت:** مەسەلە ئەوەیە کە بە بێ ئەو بڕاوت و ڕێبازەی خەریکە قسە لە دیموکراسی دەکات، ئێمە بۆچوونێکمان لەسەر دیموکراسی نییە. بنەما زێرینەکانی دیموکراسی، سەربەخۆ لە ڕێبازە سیاسییەکان لە هیچ شوێنێکدا نەنووسراوە. لەسەر کاغەز، ڕوانگەی ڕێبازی لیبرالیزم بۆ دیموکراسی، دەربڕینێکی باو و زاڵ بووە. دەڵێم لەسەر کاغەز، چونکە لە واقیعدا لە بەشی هەرە زۆری سەدەی بیستەمدا، تا ئەم دواییەش، ژیانی بەشی هەرە زۆری خەڵکی گۆی زەوی بەکردەوە لەژێر کاریگەری دوو تێگەیشتنی تر لە دیموکراسیدا بوو، یەکێکیان، تێگەیشتنی جەنگی ساردیی "دیموکراسی ڕۆژئاوایی"، کە سەرەڕای خزمایەتی نزیکی لەگەڵ تێگەیشتنی لیبرالیدا، بە هیچ جۆرێک نابێ بە هاوتای یەکیان بزانین و دووەم، تێگەیشتنی خەڵکی "دیموکراسی خەڵک"، واتە ئەو تێگەیشتنەی کە لێکدانەوەی جەماوەری فراوانتری خەڵکی وڵاتانی ژێردەستە و دواکەوتووی لە چەمکی دیموکراسی پێک دەهێنا. چەمکگەلی ئەم ڕێبازانە لە بارەی دەسەڵاتی سیاسی و مافە مەدەنییەکان و ئازادیی فەردییەوە لەگەڵ یەکتردا زۆر جیاوازییان هەیە. لە بەشی هەرە زۆری دەورانی دوای جەنگی دووەمی جیهانی، لە حاڵێکدا کە دیموکراسیی ڕۆژئاوایی و دیموکراسیی خەڵک لەوپەڕی دنیادا لەسەر ئەوەی کە مانای عەمەلیی ئەم وشانە بۆ خەڵکی چییە، شمشێریان لە یەکدی ڕاست دەکردەوە، دیموکراسیی لیبرالی لە ناوەندە ڕۆشنبیرییەکان و ڕێکخراوە خێرخوازییەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤدا هەڵەکانی هەردوو لای لە دەفتەرەکانی خۆیدا تۆمار دەکرد.

ئەوەی کە لە نێوان هەموویاندا هاوبەشە و هەر وەک وتم حوکمی سەربەخۆ و ناوەڕۆکی بابەتیی دیموکراسی پێک دەهێنێت، ئەوەیە کە پەیوەندییەکانی سەرمایەداری و دامەزراندنی میکانیزمێکی حوقووقی بۆ بەشداریکردن (جا بە هەر پێناسەیەکەوە بێت) لە پرۆسەی دیاریکردن و ئاڵوگۆڕپێکردنی دەوڵەتدا بە بنچینەی خۆی دەزانێت. خودی دیموکراسییان بە حوکومەتی زۆربە داناوە، نەک بە بەرقەرارکردنی کۆمەڵێ پێودانگ و بەها و مافی دیاریکراو. تێهەڵکێشانی ئەم پێودانگە تایبەتانە لەگەڵ چەمکی دیموکراسیدا، کاری ڕێباز و بزاڤە سیاسییە جیاجیاکان بووە. ئەم کارە لیبرالیزم، سۆسیالیزم، کۆنسێرڤاتیزم، ئانارشیزم و ئەوانی تر هەموویان ئەنجامیان داوە. ئەوە گومانی تێدا نییە کە دیموکراسی، وەک نیزامێک کە تیایدا دەخاڵەتی فەرد و تویژە کۆمەڵایەتییەکان لە کاروباری دەوڵەتدا بە ڕەوا لە قەڵەم دراوە، هەلێکی زیاتر بۆ بزووتنەوە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکان دەرەخسێنێ، لە چاو شێوەکانی تری حوکومەتە نادیموکراتییەکاندا، تاوەکوو مۆری خۆیان بە کۆمەڵگاوە بنێن و بۆ ئەو ئاڵوگۆڕانە تێبکۆشن کە گەرەکیانە بەدی بهێنن. وەلێ ئەمە خۆی لە خۆیدا کاراکتەری کۆمەڵ پێناسە ناکات. مەرج نییە بەرەنجامی پرۆسەی دیموکراتیک بە مانای ئازادیی فەردی یان گشتیی زیاتر، یەکسانی و دادوەریی کۆمەڵایەتی، پێشێل نەکردنی مافەکانی مرۆڤ و شتی تر بێت. ئازادییە سیاسییەکان و دادوەریی کۆمەڵایەتی، بەرەنجامی خودی پرۆسەی دیموکراتیک نییە، بەڵکە بەرەنجامی ئەو بزووتنەوە و هێزە کۆمەڵایەتییە ئازادیخواز و عەدالەتخوازانەیە کە بە درێژایی مێژوو توانیویانە، چ لە جەرگەی پرۆسەیەکی دیموکراتیکدا و چ لە دەرەوەی ئەم پرۆسەیەدا، سەنگ و سووکی هێزە کۆمەڵایەتییەکان بە قازانجی خۆیان و ئامانجەکانیان بگۆڕن و بەشێک لەم ئامانجانە بکەن بە قانوون و عادەت. لە زۆر حاڵەتدا، هەر وەک لە ساڵانی هەشتاکاندا بە پەرەسەندنی تاتشەریزم، بینیمان و ئەمڕۆش بە پەرەسەندنی هێزە فاشیستی و ڕاسیستییەکان لە مەیدانی سیاسەتی پەرلەمانی ئەورووپادا دەیبینین. خودی پرۆسەی دیموکراتیک، وە یان لانیکەم چەند شێوەیەکی دیاریکراوی ئەم پرۆسەیە، دەتوانێ ببێتە مایەی گەشە و تەنانەت بەهێزبوونی هێزە دژی مرۆیی و کۆنەپەرست و ملهوڕەکانیش. ئەو تێڕوانینە زێرینەی کە سەرمایەداری لە ئایدیۆلۆژیی فەرمی و لە پڕۆپاگەندە سیاسییەکەیدا لەبارەی دیموکراسی دەیدات بە دەستەوە، تێڕوانینێک کە تیایدا فەرد ئازاد و سەرفرازە و هەروەها جۆرێک لە مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ زامنە، لێکدانەوەیەکە لەسەر بنەمای تێڕوانینی لیبرالیزم (وە تا رادەیەک سۆسیال دیموکراتیش) بۆ دیموکراسی. بۆ کەسانێکی زۆر ئەم تێڕوانینە موجەڕەد و تیۆرییە لە دیموکراسی، لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی ژیانی چینی ناوەنجیی وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا و ئەمریکا، وە لەگەڵ ئەو شتەدا کە لەم وڵاتانە، دەمارگیری و داسەپاندنی بیروباوەڕ کە لەبەر هۆی جۆراوجۆر کەمتر لە ئارادایە، تێهەڵکێش دەکرێن و تێڕوانینێکی خەیاڵی لە دیموکراسی پێک دەهێنن. بۆ نموونە وەختێک ڕۆشنبیرێکی ئێرانی یان ڕووسی وە یان میسری و ... هتد. داوای دیموکراسی دەکات، ئەم وێنایەی دەوێ. بەڵام ئەمە پڕۆپاگەندەی سەر سنووقەکەیە. دیارە ئەگەر تەنانەت ناوەڕۆکەکەشی هەر ئەو شتە بێت کە خۆیان نیشانی دەدەن، دیسانەوە ئێمە وەکوو کرێکار و وەکوو مارکسیست ڕەخنەی بنەڕەتیمان لێی هەیە. ئێمە ڕەخنەمان لە لیبرالیزم و تێڕوانینی لیبراڵی بۆ ئازادی هەیە. دیموکراسیی لیبراڵی ئەندێشەی ئازادیی مرۆ دەشێوێنێ، دەستەواژەیەکە بۆ هەڵاواردنی مرۆڤەکان لە بەرامبەر سەرمایە لە مەیدانی سیاسیدا و بۆ ڕەوایبدان بە دیکتاتۆریی سەرووی خەڵکی چینی سەرمایەدار. ئەمە لایەنێکی سەرەکیی باسەکەی ئێمەیە لەسەر دیموکراسی کە دەبێ بە شێوەیەکی سیستەماتیک بە کۆمەڵێ ڕابگەیەنین. بەڵام ئەم تێڕوانینە لیبراڵییە نە تەنها لە نموونە هەناردەکراوەکانی دیموکراسیدا، بەڵکوو لە خودی وڵاتانی پێشکەوتووی ڕۆژئاواشدا ئەوەندە لە ڕاستییەوە نزیک نییە. دیموکراسیی عەمەلی، دیموکراسی بەو شێوەیەی کە هەیە، تەنانەت لەو تێڕوانینە لیبراڵییەی پوچتر و ڕیاکارانەترە. لە زۆر حاڵەتدا، بۆ نموونە لە بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە لە جەنگی سارد لەگەڵ بلۆکی بۆرژوایی ڕەقیبدا، وە یان لە جەنگی تەبلیغاتی لە دژی سۆسیالیستەکان و مارکسیزم لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا، دیموکراسی بە شێوەیەکی فەرمی بە مانای پیرۆزیی خاوەندارێتی تایبەتی و بازاڕ بەکار دەهێنرێت. بۆ نموونە یەکێک لە کۆڵەکەکانی تاتشەریزم، وێناکردنی ئۆرگانە کرێکارییەکان بوو وەک هۆکاری بەرتەسککەرەوەی دیموکراسی و ئازادیی فەردی (بۆ قەبووڵکردنی هەموو ئیشێک و هەموو هەلومەرجێک). چەندین جار ڕاپۆرت لەسەر بەکارهێنانی دەزگای ئەشکەنجە لە دامودەزگا پۆلیسییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوادا دراوە. بوونی کۆڕ و کۆمەڵی نافەرمی لە سەرووی دەوڵەت و لە سەرووی ئەنجوومەنەوە بۆ دیاریکردنی سیاسەتەکانی وڵات، دادگا نهێنییەکان و دادگا شکڵییەکان، دەزگا و دامەزراوە نهێنی و چەکدارەکانی کۆنترۆڵکردنی خەڵک، ئاژانسەکان و ئەو ژورنالیزمەی کە هونەری تۆقاندن و وروژاندن و گێژکردنی لە ئەنجامی شۆڕش لە تەکنیک و فۆڕمدا بەوپەڕی گەیاندووە، دەستە و تاقمی گۆڕپاڵبەدەست و ڕاستڕەو کە لە لایەن دەوڵەتەوە پشتیوانییان لێ دەکرێت و پەیوەندییان بە پۆلیسەوە هەیە و کاریان ملکەچ پێکردنی توێژە مەحروومەکان و باڵی چەپە لە کۆمەڵدا، وە دەیان دەزگا و ڕێورەسمی تر لە ماف و ئازادیی فەردی و مافەکانی مرۆڤی لە خودی کۆمەڵگای ڕۆژئاواییدا کردوتە گاڵتەجاڕ. ئەو مرۆڤەی لەم وڵاتانەدا گوزەرانیان مام ناوەندییە، کە دیارە حاڵی لە خەڵکی باقیی وڵاتانی جیهان باشترە، بە شێوەیەکی دڵتەزێن بێماف، ترسێنراو و بێ دەخاڵەتە لە چارەنووسی خۆیدا.




ئەگەر بمانەوێ سەبارەت بە چەمک و دەستەواژەکانی دیموکراسی لە بارەی مافی فەردی و مەدەنی و شتی تروە قسە بکەین، یان دەبێ بە دیاریکراوی دەربارەی ڕێبازە جیاجیاکان و تێگەیشتنە تایبەتەکانی ئەم ڕێبازانە لە دیموکراسی بدوێین و ئەمە لە بنچینەدا ئێمە دەباتە ناو باسی دیموکراسیی لیبراڵی و سیستەمی پەرلەمانییەوە، وە یان دەبێ دیموکراسی لە کارکردە دیاریکراوەکەی لە مێژووی هاوچەرخدا هەڵبسەنگێنین. لە هەردوو حاڵەتەکەدا کەسێکی مارکسیست خۆی لە سەنگەری ڕەخنەگر لە دیموکراسی، چ وەک چەمکێک و چ وەک واقیعەتێک، دەبینێتەوە.

**درێژەی هەیە...**

**وەرگێڕانی: سەعید ئەحمەد**

# بەهرۆز محسین: لای پارتی و یەکێتی گرنگترین ستراتیژ ئەوەیە، کە لە فۆڕمی سیاسی و حزبیدا خۆیان وەکو دوو کۆمپانیای بنەماڵەیی بمێننەوە...



## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ رۆژنامەنووس و چالاکوانی مەدەنی بەهرۆز محسین سەبارەت بە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان...

> **یەکێتی وەک مەکیاژکردنی دەسەڵاتە نادیموکراسیەکەیان سەیری هەڵبژاردن دەکەن، نەوەک وەک مەبدەئێکی دیموکراسی و مافێکی حەتمی هاوڵاتیان، بۆیە هەر کات بزانن هەڵبژاردن لە مەکیاژ گەورەتر دەبێ و شتێك لە دەسەڵاتەکەیان لەق دەکا و نارەزایی هاوڵاتیان وەك خۆی بۆ ناوە و دەرەوە دەردەکەوێ، ڕێگری لێ دەکەن و تێکی دەدەن...**

> **ئێراقی دوای سەددام دەستی دوی ئێرانە و ئێرانیش دوو جار دژی قەوارەی هەرێمە، جارێك لەبەر ئەوەی هەر لە خودی خۆی وەك عێراق دژی کوردە. جارێکیتریش چونکە قەوارەی هەرێم بریتیە لە پارتی و پارتیش لە بلۆکی ئەودا نەبووە...**

**بۆپێشەوە: سەرۆکی هەرێمی کوردستان دوای چوار مەرسوم بۆ هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمان، پێنجەم مەرسومی بۆسازدانی هەڵبژاردنی هەرێم دەرکرد و بەرواری ٢٠/١٠/٢٠٢٤ دیاری کراوە بۆ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن، سەرەتا دەپرسین، ئایا هیچ زەمانەتێک هەیە هەڵبژاردن لەو کاتەدا بکرێت؟**

**بەهزاد محسین:** ئێمە دەبێ سەرەتا بپرسین بۆچی پێنج مەڕسوم؟! بۆ دەبێ بۆ مومارەسەی سەرەتاییترین مافی دیموکراسیانە، کە هەڵبژاردنە مەڕسومەکان ژمارەیان بگاتە پێنج و هێشتاش دڵنیا نین، ئایا ژمارەکە زێتر دەبێ یان نا. وەڵامەکە سادە و سانایە، بەوەی دوو پارتی دەسەڵاتداری خۆسەپێنی پشتبەست بە دوژمنانی قەوارەی هەرێم، کە بریتین لە پارتی و یەکێتی وەک مەکیاژکردنی دەسەڵاتە نادیموکراسیەکەیان سەیری هەڵبژاردن دەکەن، نەوەک وەک مەبدەئێکی دیموکراسی و مافێکی حەتمی هاوڵاتیان، بۆیە هەر کات بزانن هەڵبژاردن لە مەکیاژ گەورەتر دەبێ و شتێک لە دەسەڵاتەکەیان لەق دەکا و نارەزایی هاوڵاتیان وەک خۆی بۆ ناوە و دەرەوە دەردەکەوێ، ڕێگری لێ دەکەن و تێکی دەدەن.

**بۆپێشەوە: مەرسومی ئەمجارەی سەرۆکی هەرێم دوای بێنەو بەردەیەکی زۆر و سەردانی بەغداو پاشان ئێران دەکرا، چۆن دەروانە رۆڵی ئێران و وڵاتانی ناوچەکە لە پەیوەند بەهەڵبژاردنەکانەوە؟**

**بەهزاد محسین:** ببورن وەڵامی ئەم پرسیارە تۆزێک درێژە دەکێشێ. ئێمە دەبێ دوو ئارگۆمێنت لەبەر چاو بگرین، یەکەم: عەرەب بە شیعە و سوننەوە لە بنەڕەتدا دژی هەمو دەستکەوت و سەروەریەکی کوردانن، کە ئێستا حکومەتی ئێراقی نوێنەرایەتی دەکا و لە بچوککردنەوەی هەرێمیش تا ڕادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بووە. دووەم: ئێراقی دوای سەددام دەستی دوی ئێرانە و ئێرانیش دوو جار دژی قەوارەی هەرێمە، جارێک لەبەر ئەوەی هەر لە خودی خۆی وەک عێراق دژی کوردە. جارێکیتریش چونکە قەوارەی هەرێم بریتیە لە پارتی و پارتیش لە بلۆکی ئەودا نەبووە.

ئێران باش دەزانێ پارتی واجیهەی حکومەتی هەرێمە و پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان ئەو هەڵی دەسوڕێنی و یەکێتی تەنیا ئیدارەی زۆنێکی لەبەر دەستە و برابچوکە. ئیتر ئێران لە ڕێی دادگای فیدراڵی ئێراقەوە و لەوێش لە ڕێی حکومەتی هەرێمەوە فشارێکی زۆری خستە سەر پارتی و پارتی ناچار بە دەست ماچکردن کرد، پارتیش ڕێک ئەوەی کرد و جارێکی تر سەرۆکی هەرێم بە پینەوپەڕۆ بۆ ماوەیەکی کاتی تەنگژەکەی تێپەڕاند و ملکەچی ئێران بوونەوە. ئێرانیش فەرمانی بە بەغدا کرد نیمچە موراعاتێکی پارتی بکەن، بەوەی چەند مانگێک هەڵبژاردن دوا بخەن و لە میکانیزمی هەڵبژاردن گوێ لە هەندێک داواکانی پارتیش بگرن. ئیتر ئەگەرچی پارتی بە حیسابی خۆی گەمەی کات کوژی دەکا، بەڵام دەبێ ئەوە بزانێ، کە ئێران و تورکیا دوو دەوڵەت–نەتەوەیی مەزهەبین (ئێستا تورکیاش لە ناوچەکە خۆی بە نوێنەری مەزهەبی سوننە دەزانێ)، بە هیچ شێوەیەک لە سیاسەتی ئەم دوو وڵاتە بنەماکانی دیموکراسی و مافی چارەنوسی گەلان و دۆستایەتی نییە و دوژمنداری نەتەوەکانی دراوسێ مەبدەئی سەرەکییانە.

بۆچی تورکیا چاوپۆشی لەم نزیکبونەوەی پارتی لە ئێران دەکا؟ لە کاتێکدا پارتی لە بنەڕەتدا لە بلۆکی تورکیادایە. ئەگەر تورکیا ئەمەش بە گەمەیەکی پارتی نەزانێ، ئەوا بۆ داگیرکاری خاکی هەرێم تاکە خاکە پارتی بۆی گوڵڕێژ کردوە و چاوساغیشی بۆ دەکا و نەک ناوچە سنوریەکان، خەریکە دهۆکیشی ڕادەست بکا. لە کاتێکدا لە سیاسەتی فراوانخوازی ئەم چەند ساڵەی تورکیا لە لیبیا و سوریا و قەرەباغی ئەرمەنستان سوپای تورکیا بە خوێنی سەربازەکانی داگیری کردون، کە هێشتاش لەوێ چەسپاو و دڵنیا نییە، لەچاو ئەوەی لە خاکی هەرێم چەسپاو و دڵنیان.

لە لایەکی تر تورکیا هێندە دژە کوردە، دۆستایەتی تاکتیکیی کاتی و دوژمنایەتیی ستراتیژی لەگەڵ کورد و پارتی لەو ڕاددەیە دایە، کە پێی خۆشە دوژمنە ئەزەلی و ستراتیژیەکەی کە کوردە، لە لایەن ڕکابەرە سیاسیەکەی کە ئێرانە، لەڕوی سیاسیەوە سوک و ڕەزیل بکرێ. کە دەکرێ دواتر لە کاتی خۆی تورکیا بە ئاوڕدانەوەیەکی لارەملێ، بەهێزترین کارتی فشار بخاتە سەر هەرێم و پارتی.

لە لایەکی تریش تورکیا باش دەزانێ ئێران یەکێتی بە قەبارەی خۆشی بە هاوپەیمان نازانێ، بەڵکو خۆی بە ئاغا و یەکێتی بە بەردەست دەزانێ، هەڵبەت تورکیاش هەمان سیاسەتی ئاغا و بەردەستی بۆ پارتی لە ئاستێکی نزمتریش هەیە. کەواتە ئێران و تورکیا لە سیاسەتی نێودەوڵەتی لە یەک جەمسەر نین و لە هەژموونداری سیاسیی ناوچەکە ڕکابەرن، بەڵام بۆ پێشهاتی هەر دەستکەوتێکی کورد دەبنەوە برای پێشتێ و هەر وەک لە ڕیفراندۆم بینیمان، کە سوپاسالاری هەردوو وڵات کۆبونەوە و لە سنورەکانی خۆیان هێزیان جوڵاند، لە کاتێکدا لە مێژودا جوڵاندنی هێزی ئەم دوو وڵاتە هاوشانی یەکتر یان نەبووە، یان زۆر دەگمەن بووە.

**بۆپێشەوە: هەموو حزب و لایەنە سیاسیەکان هەڵبژاردن بە تاکە ڕێگای چارەسەری کیشەکانی ناوخۆی هەرێم دەزانن، چۆن دەروانە ئەو بۆچوونە؟**

**بەهزاد محسین:** نەخێر، هەڵبژاردن تاکە چارەسەری ئەم دۆخە ناهەمواری هەرێم نییە. من جودا لە زۆرێک لە چاودێران لە وشیاری و نارەزایەتی هاوڵاتیان ڕازیم، بەڵام بێئومێدی کارەساتە گەورەکەیە. هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئێستا بە ڕاستگۆ و درۆزنەکانیش، هەڵبەت ئەمەش دوای ئەوەی ئەو هەموو ئومێدەی لەسەر کاراترین هێزی ئۆپۆزسیۆنیان هەڵچنی بوو، کە بزووتنەوەی گۆڕان بوو، لە ئەنجامیشدا بزوتنەوەی گۆڕان نەوەک هەر درۆیەکی گەورە بو، خۆی چۆوە بنباڵی حکومەتە شرەکەی پارتی و یەکێتی، تەنانەت ئەو دەنگە دلێر و ڕاستگۆیانەشیان پەراوێز خست و دەریانکردن، کە لە ناو بزوتەوەی گۆڕاندا بۆ قەزیەی ئازادی و دژەگەندەڵی و بەشێنەی کێکی دەسەڵاتیان ڕەت کردەوە.

بۆ ئەوەی گۆڕانکاری دروست بکەین و نرخ بدەینەوە بە هەڵبژاردن، دەبێ کەشفکردنی دەموچاو و سیمای سیاسیە سەرکردەکانی هەر بزوتنەوەیەکی ئێستا وەک سەرانی بزوتنەوەی گۆڕان بخوێنینەوە و لە لاقە کورسیەکیان بپێچینەوە، تا ئومێدێک بە جەماوەرە نارازیەکە ببەخشینەوە.

**بۆپێشەوە: وەکو ئاشکرایە دەسەڵاتی سیاسی هەرێم لە بەرامبەر بە دەسەڵاتی بەغدادا، پاشەکشەی زۆری کردووە تا ئەو رادەیەی سەرانی حزبەکان نایشارنەوە، کە قەوارەی هەرێم لە بەردەم مەترسیدایە، ئایا هەڵبژاردن دەتوانێت وەڵامدەرەوە بەو دۆخە بێت، بەر بە مەترسیەکانی دەسەڵاتی ناوەند بەسەر هەرێمدا بگرێت؟**

**بەهزاد محسین:** لە پرسیارەکانی پێشوتر تاڕادەیەک وەڵامی ئەم پرسیارەم داوەتەوە. ئیزافەکە هەر ئەوەیە، لای پارتی و یەکێتی گرنگترین ستراتیژ ئەوەیە، کە لە فۆڕمی سیاسی و حزبیدا خۆیان وەکو دوو کۆمپانیای بنەماڵەیی بمێننەوە. ئیتر هیچ بە لایانەوە گرنگ نییە، چەندە لە دروشمە نەتەوەیی و نیشتیمانیەکان درۆ دەکەن و دەیان منداڵکارەی کوردی خۆمانە بە درۆیان دەخەنەوە و تا ئاستی ڕشانەوە پێیان پێدەکەنن. منداڵەکان بینیان، بۆ هەڵبژاردنی پارێزگاری کەرکوک و بۆ دانانی سەرۆک کۆماری کورد لە بەغدا چەندە دەستی ناحەزان ماچ دەکەن و چەندە دژایەتی یەکتر دەکەن و چەندە خۆیان بەرامبەر ئەو دوژمنانە ڕیسوا دەکەن.

بە کورتی پارتی و یەکێتی ملکچی دوژمنانن، لە پێناو مانەوەی ئەمڕۆیان و پشت لە مافە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکانی سبەی گەلەکەیانن.

**بۆپێشەوە: لە پێنج خولی هەڵبژاردنەکانی هەرێمدا، دەستاو دەست پێکردنی دەسەڵات روینەداوە هەرێم هەر دابەشی دوو زۆنی و دوو دەسەڵاتە" پارتی و یەکێتی" لاتان وایە ئەم هەڵبژاردنە دەتوانێت ئاڵوگۆڕێک بەدوای خۆیدا بهێنێت و دیزاینی سیاسی هەرێم بگۆڕێت؟**

**بەهزاد محسین:** ئێمە دەبێ بەردەوام بین و بێئومێد نەبین. لای من ئەوە گرنگە سود لە هەمو ڕوداوێکی سیاسی و هەڵبژاردنێک وەربگرین، بەوەی گەر یەکێتی و پارتیش ملیان بە ڕادەستی دەسەڵات نەدا، ئەوا فشارەکانیان لەسەر کەڵەکە بکەین و دۆڕانەکانیان و بێزهاتنەوەی هاوڵاتیان لێیان بخەینە سەر شەقامی ڕای گشتیی جیهانی، تا ئەوەی هەرکات گۆڕانێک لە هاوکێشەی هەرێمایەتی ڕوبدا، ئەرگۆمێنت و سەنەدی بەرەی هاوڵاتیان بەردەست بێ، تا چاکسازی ڕاستەقینە یان ڕادەستکردنی دەسەڵات بە مۆری زەبری گەل تۆختر و قەڵەوتر بێ و لە کاتی خۆی کاری خۆی بکا.

**بۆپێشەوە: لەهەموو هەڵبژاردنەکاندا سەرجەم حزب و لایەنە بەشدارەکان، دەیان بەڵێن بە خەڵکی کوردستان دەدەن کە ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان و خزمەتگوزارییەکان باش دەکەن، کەچی دوای هەموو هەڵبژاردنێک دۆخی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان نەک باش نابێت خراپتر دەبێت، لاتان وایە ئەم هەڵبژاردنە دەتوانێت هیچ بار گرانیەک لەسەر شانی هاوڵاتیان لاببات؟**

**بەهزاد محسین:** ئیدی ئەوە عورف و مۆدێلی هەڵبژاردنە، کە هەمو هێزێک بە درۆ و ڕاستگۆیەکانیانەوە دێننە چۆکان. ئێمە سی و ئەوەندە ساڵەیە تەنها یەکێتی و پارتیمان

لە حوكمڕانی بووە و خزمەتگوزاریەکانیان بەرامبەر بە دزی و چەتەی و گەندەڵیەکانیان بووەتە سفری پاش فاریزە. هەر پارتێکیش لەگەڵ ئەم دوو حیزبە بەشداری حوکمی کردبێ، ئەوا سفری دوەمی پاش فاریزەکە بوونە، کە دەبوو بە لای کەمی دوای ساڵێک لە حوکمڕانیەکە پڕ نەهامەتیەکەی یەکێتی و پارتی دەستیان لە حکومەت کێشابایەوە، کە هەرگیز لە بەشە کێکەکەی دەسەڵات خۆش نەبون. لەم هەڵبژاردنە چەند هێزێک هەن، کە هێشتا دەستیان بە کێکی دەسەڵات نەگەیشتوە و من ناتوانم پێش ڕوداوەکان بکەوم و قسەم لەسەریان نییە.

**بۆپێشەوە: تا چەندە لاتان وایە پارتی و یەکێتی، لە هەڵبژاردنەکاندا مل بەدوڕان دەدەن و دەسەڵات رادەستی هێزی براوە دەکەن؟**

**بەهزاد محسین:** ڕاستە پارتی و یەکێتی هەرگیز مل بە دۆڕان نادەن و ئامادەن بۆ ڕادەستنەکردنی دەسەڵات لە ڕێی هێزە چەکدارەکانیان خوێنی هاوڵاتییانیش بڕێژن و چەندین جار ئەمەشیان کردوە. نەک هەر ئەوە بە دڵنیاییەوە گەر پێویست بکا، بۆ مانەوەی خۆیان هێزە داگیرکارەکانی ئێران و تورکیاش بۆ مانەوە بێزەوەر و قێزەونەکەیان بڕژێنە سەر شەقامەکانی هەولێر و سلێمانی و هاوڵاتیە خاوەن ماف و چەوساوە و نیشتمانپەروەرەکانی خۆیانیش پێ خەڵتانی خوێن بکەن.

بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ هاوڵاتیان پێخەوی بێئومێدی ڕاخەن و لێفەی ڕادەستبون بەخۆیاندا دادەن، دەبێ ئەم هەڵبژاردنە وەک پرۆسەی دیموکراسی بقۆزنەوە و لەم ترس و دڵەڕاوکێ و لەم زەمەنی بێدەنگیەدا نوقەیەک بکەن و بە دەسەڵات بڵێن نا.. نا .. نا.

**بۆپێشەوە: چۆن دەڕوانە ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆن بەتایبەتی نەوەی نوێ کە بەڵێنی گەورە بەخەڵکی کوردستان دەدات؟**

**بەهزاد محسین:** ڕاستە هەمو هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان تایبەتمەندی خۆیان هەیە، بەڵام هێشتا من نامەوێ نەوەی نوێ لەهێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی تر جیابکەمەوە. لەگەڵ ئەوەش هێزێکە تاقی نەکراوەتەوە و بە هەر هۆکارێک بێ کەم و زۆر هاوبەشی دەسەڵاتی نەکردوە، هەر ئەمەش وا دەکا لەم هەڵبژاردنە دەنگەکانی بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیاد بکا.

بەدبەختی نەوەی نوێ لەوەدایە کە دوای بێئومێدبونێکی کوشندەی خەڵک لە بزوتنەوەی گۆڕان هاتە گۆڕەپانەکە، بەو مانایەی هێشتا خەڵکانێک تەخدیری بێئومێدبونیان لە گۆڕان هێندە قورس بووە، کە لە سەردەمی نەوەی نوێش بە ئاگا نەهاتونەتەوە.

لە بەرامبەریشدا خەڵکانێکیش هەن گۆڕانیان تەسلیمی مێژوو کرد و ئومێدیان لەسەر نەوەی نوێ هەڵچنیوە و بە مێژوویەکی دەبینن، کە هێشتا نەنوسراوەتەوە و گۆڕانێکە، کەوا لە نیوەی ڕێگا جێیان ناهێڵێ.

گرفتی نەوەی نوێ لەوەدایە کە جگە لە پەیامی خۆشگوزەرانی و بەدیهێنانی ئارەزوەکانی گەنجان، هیچ پەیامێکی تری فکری و ئابوری و سیاسەتی هەرێمی و نێودەوڵەتی و نەتەوەیی و نیشتمانی و کێشە کۆمەڵایەتی و تەنانەت مافپێدانی منداڵان و ئافرەتان و زۆر شتی دیکەی گرنگی نییە، تەنانەت تا ئێستا نەیتوانی وەڵامێکی سادەی ئەوەش بداتەوە، کە بە پۆپۆلیست ناوزەد کراوە. هەڵبەت پۆپۆلیستیش لایەنی ئیجابی خۆی هەیە، بەڵام نەوەی نوێ تا ئێستا نەیتوانیوە پۆپۆلیزم لە تاکتیکدا قەتیس بکا و لە ستراتیژدا وەدەری بنێ، هەر ئەمەشە وای کردوە، خەڵکانی سادە لەگەڵی بن و نوخبەش لێی بە گومان بن، یان ڕەتی بکەنەوە.

**بۆپێشەوە: تا هاتووە بەشداری کردنی هاوڵاتیان لەهەڵبژاردنەکاندا کەم بۆتەوە، هۆکاری بەشداری نەکردنی خەڵک چییە؟ لاتان وایە ئەمجارەش زوربەی زۆری هاوڵاتیان بەشداری هەڵبژاردنەکان ناکەن؟**

**بەهزاد محسین:** دەبێ دان بەوەدا بنێین خەڵکانی دەنگدەر لە زهنیەتی ڕاستەقینەی خۆیاندا کە ئۆپۆزسیۆن بوون، لە دروستبوونی گۆڕانەوە هات و هەر لە بێئومێدبونی هاوڵاتیانیش لە گۆڕان دەنگدەری ناڕازی کەوتنە بەرەی بایکۆت و دەنگی زەرەب لێدان. من پێم وایە ڕێژەی بەشداری دەنگدەر لە جاری پێشو زیاتر دەبێ و هێزە ئۆپۆزۆسیۆنەکانیش هەر یەکە لە قەبارەی خۆیان زیاتر دەنگ دێنن، چونکە ماتەمینی بێئومێدی گۆڕان چلەی چوو و بووە مێژو.

لە سایەی حوکمڕانی یەکێتی و پارتی بە چاوساغی و زانایی یان بە کوێرایی و نەزانی بێ، دەنگ بە لیستە ئۆپۆزسیۆنەکان دەدەن، وەک دەڵێن کەسێک کە لە خنکاندا بێ، دەست بۆ کۆلکەدارێکیش دەبا.

**بۆپێشەوە: ئەگەر خەڵک بەشداری هەڵبژاردنەکان نەکەن، دەبێ چی بکەن و بەدیلی هەڵبژاردن چییە؟**

**بەهزاد محسین:** لەم هەرێمی کوردستانە بە دیلی هەڵبژاردن هەر هەڵبژاردنە. لەم تەوقیتە بایکۆت ناڕاستەخۆ دەنگدانە بە پارتی و یەکێتی و شەرعیەت دانیانە بۆ مانەوەیان بە کەڵەگایی وەکو خۆیان.

وەک پێشتر گوتم گەر لەم هەڵبژاردنە نەتوانین گۆڕانکاری گەورەش لەم کاتەدا دروست بکەین، دەبێ باوەڕمان بە هەڵمەت و کەڵەکەکردنی فشارەکان لەسەر ئەم دوو هێزە هەبێ، هەروا باوەڕمان بە شۆڕشی قۆناغ بەندی هەبێ، بە مانا دیالێکتە مێژویەکە.

*******

**بزوتنەوەی گۆڕان نەوەك هەر درۆیەکی گەورە بو، خۆی چۆوە بنباڵی حکومەتە شڕەکەی پارتی و یەکێتی، تەنانەت ئەو دەنگە دلێر و ڕاستگۆیانەشیان پەراوێز خست و دەریانکردن، کە لە ناو بزوتەوەی گۆڕاندا بۆ قەزیەی ئازادی و دژەگەندەڵی و بەشێنەی کێکی دەسەڵاتیان ڕەت کردەوە...**

**پارتی و یەکێتی هەرگیز مل بە دۆڕان نادەن و ئامادەن بۆ ڕادەستنەکردنی دەسەڵات لە ڕێی هێزە چەکدارەکانیان خوێنی هاوڵاتییانیش بڕێژن و چەندین جار ئەمەشیان کردوە. نەك هەر ئەوە بە دڵنیاییەوە گەر پێویست بکا، بۆ مانەوەی خۆیان هێزە داگیرکارەکانی ئێران و تورکیاش بۆ مانەوە بێزەوەر و قێزەونەکەیان بڕژێنە سەر شەقامەکانی هەولێر و سلێمانی...**

# هەشت ساڵ بەسەر تیرۆری ڕۆژنامەنووس وەدات حسێندا تێپەری و تۆمەتبارانی تا ئێستا ئاشکرا نەکراون!!

13 ئابی ٢٠١٦ ڕۆژنامەنووس وەدات حسێن لەناوجەرگەی شاری دهۆکدا، لەلایەن چەند چەکدارێکەوە، رفێنراو پاشان بەبرینێکی سەختەوە دهۆک جەستەی زامدارو لەخوێن هەڵکێشراوی –لەسەر ڕێگای سومێل دۆزرایەوە، پاشان لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا...



١٣ ئەم مانگە هەشت ساڵ بەسەر ئەم کردەوە تیرۆریسیەدا تێپەربوو، کەچی تا ئێستا بکوژ و نەخشەدارێژەری ئەم رفاندن و تیرۆرکردنە، ئاشکرا نەبووە.

دوا هەشت ساڵ لە تیرۆری ڕۆژنامەنووس وەداد حسێن، دەزگاکانی حکومەت!! ودەسەڵات، نە سەرەداوێکی ئەم تیرۆرەو نە تاوانبارێکی ئاشکرا نەکردووە، لەکاتێکدا هەر ئەو دەزگایانە بۆ سەرکوتی رابەرانی جەماوەری و خۆپیشاندەران، بۆ دۆزینەوەی نەیارانی دەسەڵاتیان، چاو تیژ و تیژ رەون و لەماوەیەکی کەمدا روداو و دۆسیەی زۆر ئاڵۆز لە ریگای دەزگا و جاسوسەکان و پیاوە نۆکەرەکانیانەوە، ئاشکرا دەکەن و دەدۆزنەوە... ئەمەش ئەو نیشان دەدات کە خودی دەسەڵات ئاگاداری ئەم پیلانە چەپەڵەی تیرۆرەو لە ژێر باڵی ئەوان بەدەستی خۆیان یان بەئاگاداری ئەوان، ئەنجام دراوە... بەناو ئۆپۆزیسیۆنی دەسەڵاتیش کە لەهەموو شارەکانی کوردستاندا بوونیان هەیەو دەتوانن کاری دۆزینەوەو ئاشکراکردنی تۆمەتباران ئەنجام بدەن... بێدەنگەیان هەڵبژاردووەو ئامادەنین، بەکردەوە خۆیان بکەنە خاوەنی ئەو دۆسیانەی پەیوەندیان بە ئازادی و ئازادی کاری ڕۆژنامەگەرییەوە هەیە... ئەوەی دەنگی نەفرەت و تورەیی بەرووی ئەم پلانەدا بەرزکردۆتەوە یان خەریکی ئیدانەو چالاکی و بەدواداچوونە، ژمارەیەکی کەم ڕێکخراوەی مەدەنی دەستکورت و ژمارەیەک ڕۆژنامەنووسی ویژدان زیندووی نەکڕدراو کەڕ نەکراون و کوێرنەکراون... دۆسیەی وەداد و تەواوی ڕۆژنامەنووس و هەڵسوراوانی سیاسی و ئازادی و قوربانیانی، دۆسیەکی کراوەیەو تا سەر دیزە بەدرەخۆنە ناکرێن و ناشاردرێنەوە، ڕۆژێک دێت، تۆمەتباران و نەخشە دارێژەرانی پشتیان، توشی لێپێچینەوەی عەدالەتخوازی بکرێن، ئەم ڕۆژە هەر دێت و تیکۆشانی بەرەی ئازادیخواز و بەردەوامی دان بە خەبات بۆ ئازادی و خۆشگوزەرانی ژیانێکی شکۆداری شایستە بە ئینسان، هەنگاوێکی چارەنووسازە لە راستای کۆتاییهینان بە دەسەڵاتی ستەمکار و دژی ئازادی و سپارانی تۆمەتباران بە دادگای جەماوەری و عادلانەی سبەینێ...

## دریژەی...جەنگەکان دریژەپێدەری سیاسەتی چەوسانەوەی ئابووری چینایەتین!!!

بەکرێگیراوەکانی هەردوو دەسەڵات هەتکی کچ و کوڕانی یەکتر دەکەن، دەسەڵاتدارانیش زیاتر ئاگری جەنگەکەیانی پێخۆش دەکەن.

ئەمەش بۆ لایەنەکانی هاوکاری کەری وڵاتان بۆ هێزەکانی جەنگی ئیسرائیلیەکان و فەلەستینیەکان، کە خۆی لەهەردوو دەووڵەتی ئەمریکاو چەند دەوڵەتێکی ئەوروپا و ئێراندا دەبینێتەوە. ئەمانیش ئەیان توانی چارەسەری هەژاری و کۆیلایەتی دانیشتوانەکەی خۆیان بکردایە. کە ڕێژەی هەژاری و کۆیلایەتی بەپێی ڕاپۆرتی بڕیاردەرێکی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، تیایدا هاتووە کە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کە هەژاری و کۆیلایەتی بەرۆکی بە ٤١ چل ویەک ملیۆن مرۆڤ گرتووەو لەژێر هێڵی هەژاریەوە دەژین و وە لەهەر سێ کەس لەوانەش یەک دانەیان منداڵە.(٤) ئەمەش لەپێناوی باڵادەستی و هەژموونکردنە بەسەر جیهاندا. هەروەها دانیشتوانی ئێرانیش بێ بەش نین لەو هەژاری و کۆیلە کردنە جیاوازجیاوازانە، لەم وڵاتەدا ڕێژەی هەژاری ١/٣ یەک لەسەر سێی دانیشتوانەکەی پێکدەهێنێت کە دەکاتە نزیکەی ٢٦،٦٠٠٠٠٠ بیست وشەش ملیۆن و شەش سەد هەزار کەس.(٥) لەپێناوی مانەوەی دەسەڵاتی تۆتالیتاریانەی جیاخوازی ئاینی و مەزهەبی و ڕەگەزی فاشییانەی بێ هەوساری تیرۆریستیانە.

لەلایەکی تر دەوڵەتی تورکیاش وەکو سەگی هار بەچواردەوری خۆیدا ئەنەڕێنێت و پەلاماردەدات، بە ناوخۆی خۆیەوە ناوەستێت وڵاتانی دەووروبەری دەکاتە مەیدانی جەنگ وتیرۆرکردنی کەسانی سیاسی و نەیارانی. حاڵی ناوخۆی خۆی زۆر خراپ و پێشێلکاری زۆری دەوڵەتی هەیە دژ بە ئازادییەکان و زۆرێک لە ڕۆژنامەوان و نووسەر و چالاکوانی سیاسی و مەدەنی سیخناخ و ڕاپێچی زیندانەکانی کردووە. ئەوە ئەگەر باسی هەژاری و کۆیلەکردنی بەشێک لە دانیشتوانەکانی بکەین ئەوا بەپێی پەیمانگای سەرژمێری حکومەتی تورکیا ١٤،٤% لەسەدا چواردە کۆما چواری دانیشتوانەکەی لەژێر هێڵی هەژاری و کۆیلایەتیدان.(٦) بەو حاڵەشەوە داڵدەی تیرۆرو ڕەشەکوژی دەدات و پێشێلی هەموو مافێکی سەرەتایی مرۆڤ دەکات. لەجیاتی ئەوانە و تێچووی جەنگەکانی ناوخۆیی خۆی و دەرەوەکانی چارەسەری ژیانی هەژارەکانییان بکەن باشترنیە، ئەگەر جەنگەکانیان سەرچاوەی قازانجی ماددی سەرمایەو دەسەڵاتداریان نەبێت؟؟

دەرئەنجامی ئەوانەی سەرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، ئەو هێزگەلانەی دەوڵەت و حیزبەکانی کەلەدەسەڵاتدان، جەنگ بووەتە سەرچاوەی قازانج و درێژەدان بەدەسەڵاتدارێتیان، چ ئەو وڵاتانەی چەک دەفرۆشن و چ ئەوانەشی کە جەنگ دەکەن، لەسەر لاشەو خوێن و ئێسقانی هەژاران و نەدارانیان، بازرگانی و قازانج دەکەن و دەسەڵاتیان بەرقەرار دەکەنەوەو هەژموونی خۆیان زیاتر دەکەن و درێژە بە تەمەنی سیاسی و ئابووری خویان دەدەن. کەواتە جەنگەکان درێژە پێدەری سیاسەت لیبراڵ و ئابووری چەوسانەوەی چینایەتین.

سەرچاوەکان:

1– حرب–أوكرانيا–ليست–كل– الأبناء–سارة–لشركات–صناعة–الأسلحة www.dw.com/ar/a –63988700

–2تقرير–نسبة–الإسرائيليين– الذين–يعيشون www.ar.timesofisrael.com

–3عام– الحصار–وتفاقم– الفقر–في–غزة www.alaraby.com.uk/economy/2022

–4خبير الأمم المتحدة: فقراء أمريكا أصبحوا أكثر عوزا في عهد ترامب www.reuters.com

5www.iranintl.com/ar/202305316297.

–6معهد–الإحصاء–معدل–الفقر–في–تركيا–لم–يتغ www.zamanarabic.com/2023/05/08/

**کۆمەڵگەی ئازادی کۆمۆنیستی کە لەسەر بناغەی هاوبەشی هەمووان لەسەرووت و سامانی کۆمەڵگە، دامەزراوە...هەر ئەمڕۆ دەکرێ پیادەبکرێ...**

## دریژەی دوا وتە

بەرژەوەندییە، بێ ئەوەی خۆی راستەخۆ بچیتە ناو هیچ جەنگێکەوە، لە جێگای ئەوە هێز گەلێکی دروستکردووە، کە شەری هیزە راستەوخۆکانی ئیسرائیل و تەنانەت وەکو گوشار هی ئەمریکا و پشتیوانەکانی دەکات... بۆ ئیسرائیل شکاندنی حەرەمی ئاسمانی دەوڵەتی ئیران و کوشتنی یەکێک لەسەرکردەکانی هیزێکی نیابەتی ئیران، سەرکەوتنێکە، بەڵام سنوردار و تێپەڕ و کاتی.

ئیسرائیل لەسەرەتای جەنگیدا لەگەڵ حەماس هەوڵێکی زۆریدا جەنگکەکە فراوانتر بکات و لایەنی تر بەتایبەتی حزب اللەو لوبنان و ئیران پەلکیشی جەنگەکەکان بکات، بەڵام لەو ئامانجەیدا شکستی خوارد و خوێندنەوەی ئیران بۆ دۆخەکە زۆر گەورەتر لەوە بوو کە جەنگێک لە غەززە لە ئارادایە... دوای ماوەیەکی کەم لە جەنگ و داگیرکاری ئیسرائیل، ئیسرائیل بەکردەوە هەم هەیمەنەی شکا و هەم لە بەدیهینانی ئامانجەکانیدا مایەپوچ بوو، بۆیە ویستی ئاگر بەست بووە ویستی ئیسرائیل. لە ئیستادا ئیسرائیل توانای بەرینکردنەوەی جەنگی نییەو ئەمریکاو غەربیش خۆیان لە قەرەی بەرینکردنەوەی جەنگ لە ناوچەکە نادەن، ئەمەش بەکردەوە ئیسرائیلی رووبەرووی بێ ئاسۆیی کردووە.

ئەوەندەی بۆ ئیران دەگەڕیتەوە، نەک بە کوژرانی یەکێک لە سەرانی حەماس یان هەر هیزێکی تری نیابەتی خۆی، بەڵکو بە کوشتنی چەندین سەرکردەی تری ئەو لایەنانەو تەنانەت خودی ئیرانیش، ئامادەی شەری راستەوخۆ لەگەڵ ئیسرائیل و هیچ دەوڵەتێکی ناوچەکە نییە، ئەوە یەکێک لە سەرکەوتنەکانی تائیستای ئیرانە لە بەرامبەر بە ئیسرائیل و هیزە هاوپەیمانەکانی ئیسرائیل.

بۆ ئیران ئەو پێگەیەی لە ریگای هیزە نیابەتیەکان و بێ جەنگی راستەوخۆ لە بەشێکی زۆری وڵاتەکانی ناوچەکە و رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، بەدەستی هێناوە، ئامادە نییە بە جەنگیکی راستەوخۆ لەدەستی بدات، جیا لەوانە ئەوەی ئیران لە ریگای هیزە نیابەتیەکانی بەدەستی هێناوەو بۆتە دیوەزمەی سەر بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا و غەرب و ئیسرائیل، بە جەنگی راستەوخۆ و داگیرکاری هیچ کام لەو وڵاتانە ناتوانێ و نەیدەتوانی بەدەستی بهێنێت. دیارە پرسی پەرەدان بە توناییە سەربازی و ئەتۆمیەکانیشی، روانینێکی ورد و بینینی مەودایەکی دورتر و فراوانترە، کە ئیران ناچار دەکات، خۆی لە هەر سەرکێشییەک ناوەختە بەدوور بگرێت.

لە مەوقعیەتی ئیستایدا سەرباری زیدەرۆیەکانی ئیسرائیل لە ئیراندا، ئیران بەدوای ئامانجە گەورەترەکانی خۆیەتی لە ئاستی ناوچەکەو رۆژهەڵاتی ناوەراستدا... کە بە چوونی راستەوخۆی ئیران بۆ ناو هەر جەنگێکی ناوچەیی و یان لەدژی هەر وڵاتێک، ئەو ئامانجە گەورە دور مەودایەی دەکاتە قوربانی و قەرەبووکردنەوەی مەحاڵ دەبێت... ئیستا چ ئەمریکا و چ غەرب، بۆ هەر دۆسیەیەکی سیاسی و بۆ هەر بەرژەوەندیەک کە لە بەشیکی زۆری ناوچەکە هەیانە، ناچارن بکەونە مامەڵەو سازان لەگەڵ ئیران. ئەو پیگەیە کە ئیران هەیەتی بەتایبەت هەژموونە سیاسییەکەی و رۆڵی لە بریاردانی چەند وڵاتی ناوچەکەدا، کە بە دەستیوەردان و لە ریگای هیزە نیابەتیەکانی بەدەستی هێناوە، بە جەنگی راستەوخۆ نەک بەدەست نایەت، بەڵکو زیانی پێدەگەیەنێت.

تەنانەت کاردانەوەی ئیران لەوەڵام بەسەرەرۆیی ئیسرائیل و کوشتنی ئیسماعیل هەنیەدا، بە وینەی تۆڵەی!! قاسم سولەیمانی، بە سازان و ڕیکەوتن دەبێت، تا کار نەکاتە سەر بەرژەوەندییە گەورەترەکانی لە ناوچەکەو لەوەش زیاتر کاریگەری زۆر نەکاتە سەر پرسی ناچار بوونی ئیسرائیل بۆ مل دان بە ئاگر بەست و سازان. مل دانی ناچاری ئیسرائیل بە سازان و ئاگر بەست، لەگەڵ حەماس و مانەوەی حەماس و کۆتاییهاتنی جەنگ، سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ حەماس و سەرکەوتنێکی گەورەشە بۆ ئیران.. بەتایبەتی کە جارێکی تر پرسی فەلەستین و چارەسەکردنی ئەو پرسە، پشتیوانی جیهانی لە کیشەی فەلەستین لەسەر ئاستی شەقام و کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی و ناکامی ئیسرائیل لە جەنگ و بە تاوانباری جەنگ ناساندنی نەتانیاهۆ و سەرانی و .... هەموویان دەستکەوتی ئیران و باڵادەستی ئەو دەخاتە روو.

**ناوەراستی ئابی ٢٠٢٤**

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

بۆپێشەوە

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

bopeshawa@gmail.com

بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

abdulla.mahmud@gmail.com

بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:

www.bopeshawa.net

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:

ڕێبوار حەمە شەریف، بەندی عەلی، وریای رەسام، بەهزاد محسین، شاباز مەحمود، خالید بایەزیدی، کاوان قادر، ئاراس رەشید، عەبدوڵا مەحمود، نەجمەدین فارس، محەمەد زەندی، هادی ئیبراهیمی...

دۆسیەی ژمارە "هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان"؟

## لەیادی هاوڕێیانی گیان بەختکردوو" خالید مەلا عەلی و کەریم هۆمەر باوەمەر" دا



* **خالیدی مەلا عەلی** لە ساڵی ١٩٥٩ لە خێزانێکی کرێکارییدا، چاوی بە دونیای پڕ زوڵم و ستەمی سەرمایەداریدا هەڵێناوە. بۆیە هەر لەگەڵ چرۆکردنی تەمەنیدا، ناچاربوو بۆ بەڕیوەبردنی ژیان و گوزەرانی خێزانەکەیان بە جیا لەخوێندن، دەست بداتە کاری تاقەت پروکێن...

دنیای پڕ زوڵمی ژێر سایەی نیزامی سەرمایەداری و واقعیەتی تاڵی چەوساندنەوەو نایەکسانی ئەو نیزامە هارو چاوچنۆکە، زوڵم و زۆری بێ سنوری رژێمی ناسیونال- فاشی بەعسی لە گۆرنراو، هەر زۆر زوو هاوڕی خالیدی کیشایە مەیدانی خەبات و تێکۆشانی لێبراوانە.

هاوڕی خالید، دوای ئەوەی پەی بە واقعیەتی و ماهیەتی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی دەبات، کە چەند ناکۆکە لەگەڵ بەرژەوەندی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشدا، لێیان دوردەکەوێتەوە و وەکو کرێکارێکی بیناسازی دەست دەداتە هەڵسوران و زۆر زوو دەبێتە خۆشەویستی ناو هاوڕێ و دۆستەکانی و سیمایەکی تێکۆشەری چەپ... هەر لەوکاتەدا لەگەڵ رێکخراوە چەپ و کۆمۆنیستەکاندا ئاشنایەتی پەیدا دەکات و پاشان لە رێکخراوی" یەکێتی خەباتی کۆمۆنیزمی کرێکاریی" نزیک دەبێتەوە.

هاوڕی خالید، لەساڵانی ١٩٨٦ تا ساڵی ١٩٩١ وەکو کادرێکی کۆمۆنیست و هەڵسوراوێکی بزوتنەوەی کرێکاریی دەست دەداتە خەبات و تێکۆشانی کۆمۆنیستی و لە خرۆشانە جەماوەریەکەی ئازاری ١٩٩١ دا، بەشداری دەکات و دەبێتە یەکێک لە کادرە رێکخەرەکانی ئەو ناوکۆکە چەکداریەی کە بزوتنەوەی شورایی و شوراکانی پێدەناسرێتەوە... دواتریش بوو بەیەکێک لە هەڵسوراوان و رابەرانی شورای سەرشەقام و چالاکانە کار دەکات.

هاوڕی خالید لە درێژەی خەبات و تێکۆشان و ئەو ڕۆڵ و نەخشە بەرجەستەیەی بۆ بەرگری لەخەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش و مافەکانیان گێرای، لە بەرواری ١٨/٨/١٩٩١ دا لەکاتی هەڵمەت بردنە سەر بارەگاکانی حزبی بەعس، بەمەبەستی دووبارە وەدەرنانەوەی دام ودەزگاکانی بەعس لەبەر دەرکی سەرای شاری سلێمانی و لەکاتی هیرش بردنیدا بۆسەر لیوای حەرەس جمهوری، پێدەکرێت و بۆ هەمیشە دڵە پر هیواو ئاواتە ئینسانی و کۆمۆنیستیەکەی لە لێدان دەکەوێت...

* **کەریم حەمە باوەمەر** ناسراو بەکەریم هێرۆیی لە ناوچەی پشدەردا چاوی بە دنیای نابەرابەر و زاڵمانەی سەرمایەداری و هەڵیناوە... کەریم هێرۆیی ئەندامی تیپی هونەری پێشرەو و ئەندامی کۆمیتەی مەراسیمە کرێکارییەکانی ئایار و هەڵسوراوێکی بزوتنەوەی کرێکاریی و هونەرمەندێکی دەست رەنگین و بەسەلیقە بوو. کەریم هێرۆیی سیمایەی خۆشەویست و



ناسراوی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکیش و هونەرمەندانی و هونەر دۆستانی شاری قەڵادزێ بوو... کەریم هێرۆیی هونەرمەندێکی دڵ پر لە هیواو ئومێدی بەدنیایەکی باشتر بوو، بۆیە یەکێک لەهەڵسوراوانی بزوتنەوەی دژی سەرمایەداری بوو دەسەڵاتی رەشی بەعسی سەرمایە بوو...بەداخەوە هاوڕێ کەریمی هونەرمەند لە رۆژی ٦/٨/١٩٩٤دا دڵە پڕ هیواو عیشقە جوانەکەی لەگەڵ کۆمەڵێک لە دانیشتوانی شاری قەڵادزێ، لە ئەنجامی تۆپبارانی نێوان شەری دەسەڵاتی حزبە قەومی و دینییەکان لە لێدان کەوت و دڵە پڕ هیواو ئومێد و دەست رەنگینیەکەی بۆ ئاخرین جار تابلۆیەکی سوری دژی کۆنەپەرستی نەخشاند..هاوڕێ کەریم لەدوای خۆی دوو منالّی چاوگەشی بەناوەکانی" تابلۆ و دیاری" کە گوزارشتە لە پێشکەشکردنی جوانی و دونیایەکی رەنگاو رەنگ ئاوەڵە، بە مرۆڤایەتی لەدوای خۆی بەجێ هێشت...

**بەرزو بەرێزبێت، یادی هاوڕێیانی گیانبەختکردوو خالید مەلا عەلی و کەریم هێرۆیی هونەرمەند**

## دوو بەرهەمی نوێی هونەرمەند وریای رەسام







## دوا وتە

# ئێران و ڕۆڵی هێزە نیابەتیەکانی لە مامەڵەی سەرەڕۆییەکانی ئیسرائیلدا!!

**عەبدوڵا مەحمود**

کوشتنی ئیسماعیل هەنییە، لە تارانی پایتەختی ئیران، بێ هۆکار و هاوکات بی لێکەوتە نییە... هۆکارەکانی کوشتنی هەنییەو سەرانی تر حەماس و حزب الله، بەشێکە لە سیاسەتی رەسمی دەوڵەتی ئیسرائیل و ئەوە بەرێگایەک دەزانێت بۆ لاوازکردنی حەماس و حزب اللەو رابەریەکەی، دیارە ئەوە بۆ حەماس و رێکخراوە ئیسلامیەکانیش دروستە و ئەگەر بۆیان بکرێت ئەوانیش دەست پارێزی لە کوشتنی سەرانی دەوڵەتی ئیسرائیل ناکەن... بەڵام کوشتنی هەنییە لە تارانی پایتەختی ئیران، چەندە کوشتنی یەکێک لەسەرانی حەماس بوو، هێندەش نیشاندانی بێ توانایی و بودەڵەیی دەزگا ئەمنییەکانی بوو. جیا لەوانە بۆ دەوڵەتی ئیسرائیل، لێدان لە ئێران وەشاندنی گوزێکە لەو غولەی کە هەم بە دروستکردنی هێزی بەوەکالەتی بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی لە ناوچەکەو هەم بۆ بەکارهێنانیان لەدژی ئیسرائیل و لێدان لە هیزەکانی بەسەرکەوتنێکی گەورە دەزانێت... بەڵام لەناو دڵی ئەو راستیەدا لە بەین بردنی حەماس و حزب الله و گروپەکانی تری سەر بەئێران، لە بنەرەتدا بەندە بۆ روخاندنی جمهوری ئیسلامی یان بە رەسمی ناسینی وەکو هیزێکی ئەمری واقع لە ناوچەکە و مامەڵە لەگەڵ کردنی. دیارە کە ئیران لە رێگای جەنگ و بە هیزی سەربازی ئیسرائیل و جەنگ ناروخێت، بۆیە مامەڵە لەگەڵ کردن و بەرەسمی ناسینی رۆڵی لەناوچەکەدا، دیسان راستیەکی ترە کە چ ئیسرائیل و چ ئەمریکاو غەرب دەبێ دەست و پەنجەی لەگەڵ نەرم بکەن. ئەگەر ئیسرائیل بەبێ هاوکاری ئەمریکا و غەرب بەتایبەتیش ئەمریکا، پیگەی لە ناوچەکە لاواز و توانای جەنگ و رووبەڕووبونەوەی فەلەستینیەکان و حەماس و حزب اللەی نییە، ئاواش پێگەی ئیران بۆ هیزە نیابەتیەکانی کە دەست پەروەردەکروای خۆیەتی ئەو گرنگیەی هەیە... بەتایبەتیش کە وڵاتانی عەرەبی نەک دۆسیەی فەلەستینیان دەست لێ هەڵگرتووە، بەڵکو لە پرۆسەیەکدا، بوونەتە هاوکاری دەوڵەتی ئیسرائیل، لەم نێوەدا دەوڵەتی ئیران کەڵکی لەو بۆشاییە و پاشەکشەی دنیای عەرەب وەرگرتووەو خۆی بە کێشەی فەلەستینەوە هەڵواسیووە، بەڵام بۆ ئامانجی دیاریکراو ترو گەورەتر لە کیشەی فەلەستین و فراوانتریش لەو گۆڕەپانە.

کیشەی فەلەستینیش یەکێک لە کیشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراستە، ئیران بەهۆی ئەم کەیسەو خۆ هەڵواسین پییەوە ئامادەیی خۆی لە ململانێی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا زامن کردووەو بەکردەوەش بۆتە یاریزانێکی ئەم گۆرەپانە گرنگ و پڕ

بۆ لاپەڕە 13